# بارودۆخی ژیانی شازادە کچەکان لە کۆشکی وڵاتانی بێگانە
# خوێندنەوەیەک بۆ هاوسەرگیری سیاسی میتاننی و کاشییەکان لەگەڵ شانشینەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی دێرین

**پ.ی.د. دڵشاد عزیز مارف(دڵشاد زاموا)**
بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
dlshad.marf@univsul.edu.iq

**پوختە:**
هاوسەرگیری سیاسی لە نێوان شانشین و بنەماڵە دەسەڵاتدارە دراوسێ و دوورەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی دێریندا لە سەدەی چواردەی پێش زایین و سەدەکانی دواتردا زۆر برەوی سەند. دەقە مێخییەکان، بەتایبەت دەقی مارەیی و ئەو نامانەی تەتەرەکانی پاشاکان بۆ هەواڵپرسین و بەدواداچوون لە بارودۆخی شازادەکانیان لە دوورە وڵات، و لەکۆشکی پاشایەکی وڵاتانی بێگانە نێردراون، لەگەڵ بەڵگە شوێنەوارییە هونەرییەکان لە پەیکەر و وێنەی نەخشێندراوی سەر دیواری کۆشکەکانی مێسۆپۆتامیا و میسر زۆر وردەکاری نیشان دەدەن، لایەنە شاراوەکانی بارودۆخی ژیانی ئەو شازادە کچانە لە خۆشی و ناخۆشیاندا دەخەنەڕوو.
ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتە سەر لایەنە شاراوەکانی بارودۆخی ژیانی ئەو شازادە کچە میتاننی و کاشییەکان لەگەڵ شازادەکانی شانشینەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی دێریندا هاوسەرگیرییان پێکراوە. بە لێکدانەوەی بەڵگەی دەقە مێخییەکان و بەڵگە شوێنەوارییەکان وێنایەکی ڕوونتری دیوی شاراوەی ژیانی ئەو شازادە کچانە لە دووری وڵات و لە کۆشکی بێگانەدا دەخەینەڕوو، هەروەها بارودۆخی بوکە شازادەکانی ئەو وڵاتانە لە کۆشکی کاشی و میتاننییەکاندا باس دەکەین، و هەندێک وردەکاری باسنەکراوی هەڵهێنجراو لەو بەڵگانەدا دەخەینەڕوو.

**الخلاصة:**
كان التزاوج بين اميرات و امراء الممالك المجاورة والبعيدة والعائلات الحاكمة في الشرق الأدنى القديم شائعًا في القرن الرابع عشر قبل الميلاد و القرون التي تلته. النصوص المسمارية، وخاصة نصوص المهر والمراسلات الملكية من قبل ملوك (والد او أخ) الأميرات للاستعلام عن حالة أميراتهم (بناتهم أو اخواتهم) في القصور الأجنبية في البلدان المجاورة أو البلدان البعيدة مثل مصر، مفصلة للغاية في هذه الرسائل وتكشف عن جوانب خفية لظروفهم في أفراح وأتراح حياتهن .
يركز هذا البحث على الجوانب الخفية للظروف المعيشية للأميرات اللائي تزوجن من أمراء ممالك الشرق الأدنى القديمة في الزيجات السياسية للأميرات الميتانية والكاشية و بالعكس. من خلال تفسير أدلة النصوص المسمارية والأدلة الأثرية، نقدم صورة اوضح للجانب الخفي من حياة تلك الأميرات بعيدًا عن أوطانهن في القصور الأجنبية.

**Abstract**:
Intermarriage between neighboring and distant kingdoms and ruling families in the ancient Near East was very popular in the fourteenth century BC and the following centuries. Cuneiform texts, especially dowry texts and royal letters sent by the kings (fathers or brothers of the princesses) about the preparations of their weddings to inquire about the condition of their daughter/sister princesses in the foreign palaces of their neighboring kingdoms, are very detailed and reveal hidden aspects of their circumstances in the joys and sorrows of their lives.
This paper focuses on hidden aspects of the living conditions of the Kassite and Mitanni princesses who married kings or princes of ancient Near Eastern kingdoms in the political marriages and vice versa. By interpreting the evidence of cuneiform texts (dowry and royal correspondences), the artistic



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

and the archaeological evidence, also presents a wider picture of the hidden side of the lives of these princesses away from home in the foreign palaces, with some untold details revealed in this evidence.

## پێشەکی

مەبەست لە "هاوسەرگیری سیاسی" ئەو هاوسەرگیرییەکە لەنێوان دوو خێزانی شاهانە یان دەسەڵاتداردا ڕوودەدات، تێیدا شازادەیەکی کچی شانشین و وڵاتێک دەدرێت بە شازادەی وڵاتێکی تر. ئەم هاوسەرگیرییە جگە لەوەی کە هاوسەرگیرییە لەنێوان کوڕ و کچێکدا، یان هەندێک کات لەنێوان پاشایەک کە خاوەنی چەند ژنێکە لەگەڵ شازادەیەکی کچی گەنجی وڵاتێکی تردا، وەک هەر هاوسەرگیرییەکی تر ڕوویەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی و وەچە خستنەوەی تێدایە، بەڵام زۆربەی کات مەبەستی سیاسی پەنهان و ئاشکراشی لە پشتەوەیە. لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا زۆربەی کات لە زۆربەی سەردەم و شانشینە دێرین و نوێیەکانی جیهاندا بەدەرنەبووە لە ناسۆر و ناڕەحەتی بۆ شازادە کچەکە. هەرچەندە ئامانجی دوور لێی ئەوەبوو، کە ئەو دوو شانشینە لە داهاتوودا ئەگەر پەیوەندییەکانی رابردوویان شەڕ و کێشەی تێدابووبێت، ئەوا لەڕێگەی ئەو هاوسەرگیرییەوە پەیوەندییەکانی ئێستا و داهاتوویان پتەوبکەن، ئەو منداڵە شازادانەی لەم هاوسەرگیرییە لەدایک دەبوون، نەک لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لەڕووی کۆمەڵایەتی و خێزانیشەوە هەست بکەن کە پاشا و شاژنی شانشینەکەی بەرامبەریان باپیر و نەنکی خۆیاینن(باوک و دایکی) ئەو شازادە شوکردووەن کە دەکاتە دایکی ئەوان.

## دەروازەیەکی مێژوویی کورت

لە سەدەی چواردەی پێش زایین و سەدەکانی دواتردا ناوچەکانی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا بە تەواوی کەوتبوونە ژێر دەستی گەلە زاگرۆسییەکان. کاشییەکان هەر لە سەدەی ١٨ی پێش زایینەوە لە چیاکانی زاگرۆسەوە بەرەو دەشتەکانی گەرمیان و لەوێوە بەرەو وڵاتی بابل و سومەر کۆچیانکرد، لەساڵی ١٥٩٥پ.ز. دوای ئەوەی حاتییەکان دەسەڵاتی بنەماڵەی بابلی یەکەمیان ڕوخاند و کشانەوە، کاشییەکان توانییان ئەو بۆشاییە سیاسی و سەربازییە پڕبکەوە و بۆ ماوەی ٤٣٣ ساڵ فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی فراوان لە وڵاتی بابل و سومەر و گەرمیان تا ناوچەکانی سنوری سلێمانی ئەمڕۆ و ڕووباری زێی خوارووو بکەن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ساکز، ١٩٧٩، ٩٢؛ مارف، (٢٠٢٠): ٢٣٨-٢٤١). و سەرەتا لە بابل و دواتر پایتەختێکی نوێیان لەسەردەمی پاشا کوریگالزوی یەکەم(سەرەتای دەسەڵاتی نازاندرێت، تەنها ئەوەندە زاندراوە کە لە ساڵی ١٣٧٥پ.ز. مردووە) لە نێوان ڕووباری دیجلە و فوڕات دروستکرد، کە ئێستا شوێنەوارەکەی دەکەوێتە نزیک بەغداد و بە عەقەرقوف ناسراوە، هەروەها سەردەمی کاشییەکان سەردەمێکی گرنگی پێشکەوتنی سیاسی، شارستانی بوو، بەتایبەت لە هونەری تەلارسازی و نووسین و وێژە و زانستدا، و سەردەمێکی ئاشتی وئارامی بوو. (بۆ زانیاری زیاتر Clayden, (2017), 437-478 ؛ Baqir, (1944), pp. 3-16؛ Baqir, Taha, (1946) pp. 73-93).

لەلایەکی ترەوە میتاننییەکان کە لە سەدەی ١٦پێش زایینەوە توانییان وەک دەستەیەکی سوارەی جەنگاوەری فەرمانڕەوا دەسەڵاتی نیشتیمانی خورییەکان بە دەستەوەبگرن و دەوڵەتی میتاننییان دامەزراند، کە هەر زوو بووە ئیمپڕاتۆرییەتێکی فراوان لە شاری ئاراپخا(کەرکوک) و نوزی( وێران تەپە)ی پایتەختی رۆژهەڵاتییانەوە بۆ دەشتەکانی دەوروبەری ڕووباری زێی بچووک و هەولێر و نەینەوا و بەشێکی گرنگ لە باکوری کوردستان لە ناوچەکانی دەوروبەری دیجلە و لقەکانی و هەموو رۆژئاوای کوردستان و هەتا دەریای ناوەڕاست دەسەڵاتیان کشا(نەخشەی ژمارە١).




نەخشەی ژمارە ١: شانشین و ئیمپراتۆرییەتەکانی سەدەی ١٤پ.ز. (ئامادەکردنی: توێژەر).

نامەکانی ئەرشـــیفی کۆشـــکی ئەخناتون لە شـــاری ئەخت ئاتون (شـــوێنەواری تەل عەمارنە بۆ ســـەردەمێکی کورتخایەن دەگەڕێنەوە، کە کەمتر لە ســـێ دەیەبووە لە نێوان ســـاڵانی(١٣٦٠-١٣٣٦پ.ز.)، نامەکان لەســـەر تاتەقوڕ بە خەتی مێخی نووسـراون، زۆربەی نامەکان بە شێوەزاری بابلی ناوەڕاست کە لقێکە لە زمانی ئەکەدی و لە سـەردەمی کاشییەکاندا لە وڵاتی بابل(کاردونیاش) برەوی پێدراوە نووســـراون، بەڵام چەند نامەیەکی تریش بە زمانی جیاوازتر نێردراون لە ناوچەکانی تری خۆرهەڵاتی دێرینەوە، وەک یەکێک لە نامەکانی توشـــراتای پاشـــای میتانی، کە ئەویش نامەی ژمارە(EA 24) کە بە زمانی خورری نووســـراوە ( بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی شـــوێنەواری عەمارنە، و ئەرشـــیفی دەقە مێخییە دۆزراوەکانی عەمارنە، بڕوانە: دانیال، ١٩٩٠، ٢٨؛ ساكز، ١٩٧٩، ٩٤؛ اسماعيل، ٢٠١٠، ٣٠ .( ;Mandell, (2015) 1269

ئەو نامەیەیان کە بە زمانی خورری نووسراوە، لەوانەیە لەبەرئەوەبووبێت تا ئەو نامەیە دەگاتە کۆشکی ئەخناتون کەس بۆی نەخوێندرێتەوە و لە ناوەڕۆکەکەی تێنەگات، دیارە جگە لە شازادە کچە میتانییەکانی ژنی فیرعەونەکان نووسەری تری میصری یان نووسەر خورری هاوسەفەری شازادەکچە میتانییەکان لە کۆشکی فیرعەونەکاندا ژیاون، کە باس لە ساردی و کێشەی نێوان فیرعەون ئەخناتون و توشـراتا دەکات، و کێشـەی هەندێک پەیامبەری میتانی تێدایە کە نوێنەر و پەیامبەری توشـراتای میتانی بوون بۆ میصـــــری نـاردوون، لەوێ تـاوانێکیـان ئەنجـامـداوە، ئەمە جگە لەوەی درێژترین نـامەی عەمـارنەیە، و مێژووی پەیوەندییەکان و هاوسەرگیری ئەخناتون لەگەڵ شازادە تادو-خیپای میتانی و چەند شازادەیەکی تر بۆ سێ نەوە پێشتریشی تێدایە. (بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی دەقی ئەو نامەیە دەڕواندرێتە.(188-241 ,(2015) Wilhelm :

لە سەدەی ١٣ پێش زایینەوە ئاشورییەکان سودیان لە لاوازی میتانییەکان وەرگرت و لە شاری ئاشور(قەڵای شـەرقات)ەوە لەســـەر ڕووباری دیجلەوە وردە وردە پێگەی خۆیان جێگیرکرد و بوونە ســـەرئێشـــە و کێشـــە بۆ هەردوو دەســـەڵاتی میتانی و کاشـییەکان، ئەمانیش هاوشـێوەی میتانی و کاشـییەکان لە هەوڵی خۆ نزیککردنەوە لە فیرعەونەکانی سـەردەمی ئیمپراتۆری میســـربوون، هەرچەندە پاشـــای کاشـــییەکان نامەی تایبەتی بۆ فیرعەونەکانی میســـر نارد کە وا پەیوەندی لەگەڵ ئاشـــورییەکان مەبەستن، چونکە ئەوان شوێنەکەوتەی ئێمەن، بەڵام وەک دەردەکەوێت کە وا ئاشور-ئوبالیطی یەکەم سەرکەوتوو بوو لە بەستنی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ فیرعەونەکانی میســـر و چەند نامەیەکی ئەم پاشـــا ئاشـــورییە لە ئەرشـــیفی کۆشـــکەکەی ئەخناتون دۆزراونەتەوە ,Rainey, 2015, 16-17 ;ساكز، ١٩٧٩، ٩٦).

لەلایەکی ترەوە عیلامییەکان لە بەشـێک لە ناوەڕاسـت و باشـوری زاگرۆس و پێدەشـتەکانی زاگرۆسـدا لەم سـەردەمەدا دەســـەڵاتیان بەهێزبوو، و لەڕووی تەلارســـازی و هونەرییەوە گۆڕانکاری و پێشـــکەوتنی گەورە ڕوویاندا، لەهەمانکاتیشـــدا لە سـەرەتادا پەیوەندییان لەگەڵ کاشـییەکان باش بوو، و هاوسـەرگیری سـیاسـییان لەگەڵ کاشییەکاندا ئەنجامدا، بەڵام دواتر چەندین هەوڵیاندا بۆ داگیرکردنی ناوەندی دەســـەڵاتی کاشـــییەکان لە کاردونیاش (وڵاتی بابل) دواجاریش لە ســـاڵی ١١٥٧پ.ز. دا هەوڵەکەیان ســـەرکەوتوو بوو و دەوڵەتی کاشـــییان ڕووخاند( (Collins, 2008, 98;الهاشـمي، ١٩٨٣، ٥٩-٦١؛ ,Reade (1978), pp. 137-143)).

پاشای کاشییەکان کاداشمان-خاربێی یەکەم (1374-1360 پ.ز.) بەڕوونی بە فیرعەون دەڵێت، هاوسەرگیری شازادەکان بۆ برەودانە بە برایەتی و دۆستایەتی نێوانیان:

**" ئایا تۆ برایەتی و دۆستایەتی باشت دەوێت، و لەبەرئەوە من بۆم نووسیت تا زیاتر لێک نزیک ببینەوە، بۆ مەبەستی هاوسەرگیری. و من بۆتۆم نووسی لەبەرئەوە؛ لەبەر برایەتی و هاوڕێیەتی باش، بۆ ئەوەی لە یەکتر زیاتر نزیک ببینەوە. بۆ هاوسەرگیری. بۆچی براکەم ژنێکم بۆ نانێریت؟!** (Rainey 2015, p.73, EA 4,: 15).

لە خوارەوە باسە بۆ چەند خاڵێک دابەش دەکەین، لە هەر خاڵێکدا وردەکاری دەربارەی هاوسەرگیری شازادەکان و وردەکاری ئامادەکارییەکانی هاوسەرگیرییەکە، دیاری و مارەیی هاوسەرگیری و چۆنێتی گواستنەوەیان بۆ کۆشکی پاشای وڵاتی بێگانە و ژیانیان لەوێ دەخەینەڕوو:

**1 . بارودۆخی شازادە میتاننییەکان و شازادە فیرعەونەکان لە کۆشکی بێگانەدا:**

دەوڵەتی میتاننی لە سەدەی ١٧پ.ز. لە ناوچەکانی جەزیرەی خۆرئاوای کوردستان دامەزرا، پایەتەختەکەی شاری واشوکانی بوو. (اسماعیل ٢٠١٠، ٣٧). پەیوەندی فیرعەونەکانی میصر و پاشا میتاننییەکان لەسەر ناوچەکانی فەلەستین و سوریا و لوبنانی بە شەڕ دەستپێکرد، و مێژووی ئەم پەیوەندییانە ئەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پاراتارنای پاشای میتاننی لە دەوروبەری ١٥٠٠پ.ز.، پاشان پاشای میتاننی شاوستاتار کە هاوسەردەمی تحوتمسی سێیەم(١٤٩٠-١٤٣٦پ.ز.)بوو، سەرەتا لەشەڕدابوون دژی یەکتر، و دواتر ڕێکەوتن، لەوانەیە لەم سەردەمەوە هاوسەرگیری شازادەکانی نێوان هەردوولا دەستپێکردبێت، و میتاننییەکانیش شازادەخاتوونێکی میصریان خواستبێت و لەکۆشکەکەی شاری نوزی ژیابێت(لە لاپەڕەکانی تردا بە وردی باسی دەکەین). پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی پاشا میتاننییەکان لەگەڵ فیرعەونەکانی میسر پەیوەندییەکی بەهێزبوون، بەتایبەت دوای ئەوەی لە سەدەی ١٤پ.ز. دا سێ پاشای میتاننی یەک لە دوای یەک یان کچەکانیان یان خوشکەکانیان لەڕێگەی هاوسەرگیری سیاسییەوە پێشکەش بە فیرعەونەکانی میصر کردووە (بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی ئەو پەیوەندییانە بڕوانە: الاحمد، ١٩٧٩، ١٥٢؛ ساكز، ١٩٧٩، ٩٤; اسماعيل، ٢٠١٠).

ساوشتاتار (١٤٢٥-١٤٠٠پ.ز.) لەگەڵ تحوتمسی سێیەم(١٤٨١-١٤٢٥پ.ز.) ڕێکەوتن (الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٥٢). پاشای میتاننی ئەرتاتامای یەکەم و تحوتمسی چوارەم(١٤٠١-١٣٩٧پ.ز.) ڕێککەوتن و سنورەکانی نێوانیان کە کێشەی لەسەربوو دیاریکرد، و هاوسەرگیری سیاسییان ئەنجامدا، و شازادەیەکی میتاننی درا بە تحوتمسی چوارەم، هەروەها ئارتاتامای یەکەم لە دەوروبەری (١٤٠٠-١٣٨٠پ.ز.) بووە فەرمانڕەوای میتاننی و کچەکەی خۆی دا بە ئامون-حۆتپی سێیەم (١٣٩٧-١٣٨٨پ.ز) و لەم هاوسەرگیرییە ئامون-حۆتپی چوارەم(١٣٥٣-١٣٣٦پ.ز.) لەدایک بوو، واتە دایکی فیرعەون و شازادەی جێنشین(ئامون-حۆتپی چوارەم) کچی پاشای میتاننی ئارتاتامای یەکەم بووە(الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٥٤).

شوتتارنای دووەم لە دەوروبەری (١٣٨٠-١٣٦٥پ.ز.) خاڵی ئامون-ئوفیسی سێیەم بوو، کچەکەی خۆی بە ناوی کێلو-خێپا نارد بۆ ئەوەی ئامون-ئوفیسی سێیەم ساڵی ١٣٨٠پ.ز. بیکاتە هاوسەری خۆی، هەروەها توشراتا لە دەوروبەری (١٣٦٥-١٣٣٥پ.ز.) خاڵۆزای ئامون-حۆتپی چوارەم (ئەخناتون) بوو، کاتێک شوتەرنای دووەمی پاشای میتاننی مرد، کێشە و ناکۆکی کەوتە نێوان ئوتخی و شازادەی جێنشینی میتاننی ئارتاشوماڕا، و ئەوەبوو سەرکردەیەکی میتاننی بە ناوی ئوتخی، ئارتاشوماڕای تیرۆرکرد، و شازادە توشراتای برا بچووکی ئارتاشوماڕای کردە پاشا، ئەویش ئەوکات تەمەنی بچووک بوو، ئەمەشی بۆیە کرد، چونکە توشراتا بچووک بوو، بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەست بەسەر شانشینەکەدا بگرێت، و ئەمەش خەڵکی وڵاتی خورییەکانی دابەشکرد بە سەر دوو بەرەدا؛ بەرەیەک پشتگیری ئوتخی بوون، و بەرەیەکیش هەوڵیاندەدات شازادەی میتاننی بگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی ڕاستەقینە، و ئەوەبوو لەلایەکی ترەوە ئوتخی کەسێکی هەڵبژارد، و خۆی ناونابوو ئارتاتامی دووەم، و خۆی بە بنەماڵەی شاهانەی میتاننی دادەنا، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی میتاننی بە تەواوی وەربگرێت، و دەستی لەگەڵ حاتییەکان و ئاشورییەکان تێکەڵکرد، جێی ئاماژەیە وردەکارییەکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو شازادە میتاننییانەی سەرەوە لەبەردەستدانین، و تەنانەت ناوی زۆربەشیان لە تۆمارە بەردەستەکانی ئێستادا نەدۆزراونەتەوە، لەبەرئەوە نازانین بارودۆخی ژیانیان چۆن بووە، تەنها ئەوە نەبێت کە کچەکەی پاشای میتاننی ئارتاتاما وەک شاژنی یەکەمی میصر هەژمارکراوە. (بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی ئەو ڕووداوانە دەڕواندرێتە: الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٥٢-١٥٤؛ اسماعيل، ٢٠١٠، ٣٨).

پاشای میتاننی توشراتا هاوپەیمانی فیرعەونەکانی میصر و پاشای کاشییەکان بوو. لەولاوە ئارتاتامای دووەم بەرهەڵستی توشراتای دەکرد، و بەهۆی ئەم ناکۆییە ناوخۆییەی نێوان پاشا و سەرکردە میتاننییەکان، ناوماڵی میتاننییەکان لاوازبوو، ئاشوری و حاتییەکان توانییان لە سەرەتای سەدەی ١٣پ.ز. دا بە ئاسانی کۆتایی بە ئیمپراتۆری میتاننی بهێنن، کێشمەکێشمی نێوان هەردوو بەرەی ناوخۆی دەوڵەتی میتاننی بەردەوام بوو، و لە دوای مردنی ئارتاتامای دووەم، کوڕەکەی کە ناوی شوترنا بوو، و ئەوەبوو لەم سەروبەندەدا توشراتا لە ساڵی ( ١٣٣٥پ.ز.) تیرۆرکرا، و ئەمەش ڕێگەی بۆ شوترنای سێیەم خۆشکرد، کە بێت و پایتەختی سەرەکی ئیمپراتۆرییەتی میتاننی داگیربکات کە شاری واشوکانی بوو، ئەمەش بە هاوکاری پاشای ئاشوری ئاشور-ئوبالیط (1363-1328پ.ز.) ئەنجامدرا. زنجیرەیەک هاوسەرگیری لەنێوان شازادە کچە میتاننییەکان و فیرعەونەکانی میسردا

ڕوویاندا، ئەوەی پەیوەستە بە پێش ئەم ڕووداوانەوە و هاوسەرگیری شازادە میتاننییەکان دوای ئەوەی فیرعەونەکان لە سەردەمی ئیمپڕاتۆری دەسەڵاتیان گەیشتە ڕووباری فوڕات، ئەوەبوو تحۆتمسی چوارەم و ئارتاتامای یەکەم(لە دەوروبەری (١٤٠٠-١٣٨٠پ.ز.)ی پاشای میتاننی سنوری ئیمپڕاتۆرییەتەکانیان لەو ناوچەیە ڕێکخستەوە، و هاوسەرگیری سیاسیشیان ئەنجامدا، پەیوەندی هاوسەرگیری سیاسی نێوان میتاننییەکان و فیرعەونەکان لە سەردەمی پاشای میتاننی ئارتاتامای یەکەمو فیرعەونی میسری تحوتمسی چوارەم (١٤٠١-١٣٩١پ.ز.) دەستپێکرد، (اسماعیل، ٢٠١٠، ٣٢-٣٣).

بەهۆی ئەم هاوسەرگیرییانەوە، پەیوەندییەکان فراوانتربوون، تەنانەت نووسەری میتاننی لە میسر هەبوون(اسماعیل، ٢٠١٠، ٢٧). لەوانەیە لەگەڵ شازادە میتاننییەکاندا چووبێتنە کۆشکی فیرعەونەوە و لەوێ لەگەڵ نووسەرە میصرییەکان یەکتریان فێری خەتی مێخی و زمانی خورری و خەتی دیمۆتیقی و هێرۆگلیفی و زمانی دێرینی میصر کردبێت. لە کۆشک و ئەرشیفخانەی ئەخناتون نووسەرە میصرییەکان هەندێک لە نامەکانیان ڕێکەوت لێداوە و بە مەرەکەب و بە خەتی هیراتیکی میسری دێرین لەسەر نامەکەی پاشای میتاننی توشراتا نووسراوە: **"ساڵی ٣٦، مانگی چوارەم لە وەرزی زستان، ڕۆژی یەکەم، ئەوکاتەی کە (فیرعەون) لە کۆشکی باشور بوو، کۆشکی خۆشیی/ئاهەنگ."** (اسماعیل، ٢٠١٠، ٢٨). نامەیەکی تریان هەر بە مەرەکەب و خەتی هیراتیکی نووسراوە **"ساڵی ٢، مانگی یەکەم لە وەرزی زستان، ڕۆژی (؟)، ئەوکاتەی کە (فیرعەون) لە شارەکەی باشور بوو، لە کۆشکی خعما خت بوو، دەقی نامەیەک لە نەهارینا(وڵاتی میتاننی)ییەوە کە پەیامبەر بیریزی و پەیامبەر [تولوبري] هێناویانە."** (اسماعیل ٢٠١٠، ٢٩).

هاوسەرگیری نێوان شازادە میتاننی و فیرعەونەکانی میصر بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک بەردەوامی هەبوو، وەک لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

أ. **هاوسەرگیری شازادە تادو-خیپا(Tadu-Ḫepa)**ی میتاننی لەگەڵ ئامون-حۆتپی سێیەم. لەدوای ئەوەی میتاننییەکان هاوسەرگیریی شازادە میتاننییەکەیان بە سەرکەوتوو زانی، ئەوەبوو بڕیارياندا، شازادەیەکی تریش بدەن بە فیرعەون ئامون-حۆتپی سێیەم. ئەویش تادو-خیپای شازادەی میتاننی بوو، تادو-خیپا خوشکی توشراتا لەگەڵ ئامون-حۆتپی سێیەم هاوسەرگیری کرد (Rainey, 2015, 17).

**ب. کێلو-خێپا(Kelu-Ḫepa)ی شازادەی گەنجی میتاننی دەستگیرانی دوو فیرعەونی کوڕ و باوک!**

دوای ئەوەی پاشا توشراتا بۆ ماوەی دە ساڵێک لەناوخۆدا لە ململانێدابوو بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی تەواوی ئیمپڕاتۆری میتاننی لە زەوتکارانی تەختی میتاننی، ئەوەبوو ویستی دووبارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئامون-حۆتپ(ئامێن-حۆتێپ)ی سێیەم نوێبکاتەوە، و بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریدا شازادە کێلو-خێپای کچی بدات بە ئامون-حۆتپی سێیەم، لەکاتێکدا هەمان ئەم فیرعەونە هاوسەرگیری لەگەڵ تادو-خیپای خوشکەکەی توشراتاشدا کردبوو، لەبەرئەوە توشراتا بە ئاسایی دادەنا کە کچەکەشی بۆ هەمان فیرعەون بنێرێت، و بیکاتە گەنجترین ژنی فیرعەون ئامون-حۆتپی سێیەم، و لەیەک کاتدا ئەم شازادە کچە گەنجە لەگەڵ پوریدا ببەنە ژنی هەمان فیرعەون، بەڵام وا دیارە بەخت یاوەری ئەم شازادە گەنجە میتاننییە بوو، لەوەی کە ئەو فیرعەونە بەتەمەنە لەسەروبەندی ئامادەکاری بۆ ئەم هاوسەرگیرییەدا لە ساڵی ١٣٥٢پ.ز. فیرعەون مرد. لەبەرئەوە توشراتای میتاننی -خیپای شازادەی گەنجی کچی دا بە فیرعەونی نوێ، ئامون-حۆتپی چوارەمی(ئەخناتون) کوڕی ئامون-حۆتپی سێیەم، کە لە نامەکانی پاشای میتاننیدا بە نیبموئارێیا (Nibmuʿareya)ناوی هاتووه (Rainey, 2015, 135). هۆکاری ئەوەی کە فیرعەونی میسری ئامون-حۆتپی چوارەم ئاوا ویستوویەتی هاوسەرگیری لەگەڵ کچانی میتاننی و کچانی بێگانە بکات، هۆکارەکەی وا لێکدراوەتەوە، ئامون-حۆتپ، خۆیی دایکێکی میتاننی هەبووە، فیرعەون ئامون-حۆتپی چوارەم کە بە (ئەخناتون) ناسراوە، لەلایەکی ترەوە، فیرعەونەکانی میصر لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینی و دەسەڵاتی شاهانەوە، ئەو مافەیان بە خۆیان دابوو کە هەر کاتێک فیرعەون دەمرد، هەموو شتێکی بە میراتی بۆ شازادەی جێنشین دەمایەوە، بە ژنەکانیشییەوە(جگە لە دایکیان کە ژنی فیرعەون بووە)، واتە کێلو-خێپا ژنی ئامون-حۆتپی سێیەم بووە، بەڵام کاتێک ئامون-حۆتپی سێیەم دەمرێت، کێلو-خێپا، وەک ژنی شازادەی جێنشین بە میراتی دەبێتە ژنی ئەخناتون. (بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی ئەم دیاردەیە لای فیرعەونەکانی میصر، بڕوانە: Murray, 1963, 70).

ژمارەیەک نامەی دیپلۆماتی لە نێوان توشراتا و فیرعەونی میسری ئامون-حۆتپی سێیەم و ئامون-حۆتپی چوارەمدا ئاڵوگۆڕکراون کە ئەمە بەشێکە لە ناوەڕۆکەکانیان، ناردنی نوێنەری فیرعەون بۆ بینینی شازادەی میتاننی، تا بزانێت فیرعەون شازادەی میتاننی بە دڵ ئەبێت یان نا(EA?)، جا ئەمەش لەوانەیە تەنها بەوە کۆتایی نەهاتبێت کە نوێنەری فیرعەون هاتووە سەیری شازادەی میتاننی کردووە، بەڵکو لەوانەیە وێنەکێشیشی لەگەڵ بووبێت، وێنەی شازادەی کێشابێت و بۆ فیرعەونی بردبێتەوە.

ئەم هاوسەرگیرییە یەک لەدوای یەکە تێکەڵییەکی وای دروستکردبوو، کە فیرعەونێکی وەک ئەخناتون لە چەند سەرێکەوە پەیوەستبێتەوە بە دایکی ئامون-حۆتپی چوارەم (ئەخناتون) شازادەیەکی میتاننی بوو، کچی پاشای میتاننی ئارتاتامای یەکەم بوو، و پاشای میتاننی شوتورنا خاڵی بوو، و توشراتاش خاڵۆزای بوو. (اسماعیل، ٢٠١٠، ٣٣). ئەمەش وایکردبوو کە لە نامەی ژمارەEA 17 دا توشراتای پاشای میتاننی بە ئەخناتون ئەڵێت:

"**باوکم تۆی خۆشدەویست، و لەبەرئەوەی تۆش باوکمت خۆش ئەوێت، و باوکم بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوە خوشکەکەمی دا بەتۆ** .(Rainey 2015, 135, EA 17:25-29) ".. هەروەها لە هەمان نامەدا توشراتا ڕێز و خۆشەویستی خۆی بۆ خوشەکەکەی بە ناردنی دیارییەک دەربڕیوە و دەڵێت:

"**دیارییەکی ئاشتی بۆ کێلو-خیپای خوشکم ئەنێرم کە دەستەیەکی تەواو لە خشڵی سەرسنگ زێرینە، دەستەیەکی تەواو لە گوارەی زێرین، پارچەیەکی ماشخوی زێرین، و قاپێکی بەردینی پڕ لە زەیتی پاڵفتە" 45–41 :Rainey 2015, p.138** )".
"EA 17:

ئەمەش ڕێز و خۆشەویستی توشراتا بۆ پێگەی خوشکەکەی نیشاندەدات، دەیەوێت پیشانی فیرعەونی بدات کە ئەو خوشکەی کە ژنی فیرعەونە تا ئەوکاتەش هێندە ڕێزی هەبووە کە لە نامە دیپلۆماتییەکاندا ناوی دەهێنێت و دیاری تایبەت و بە نرخی بۆ دەنێرێت. لە نامەی EA 17: توشراتا لە ساڵی ١٣٦٠پ.ز. بۆ ئامون-حۆتپی ناردوویەتی:

" **بە نیموریا پاشای وڵاتی میسر بڵێ، براکەم: توشراتا پاشای وڵاتی میتاننی براکەت ئاوا دەڵێت: "بارودۆخ لەلای من باشە، ئومێدەوارم لای تۆش (بارودۆخ) باش بێت. و ئومێدەوارم کە لە لای کێلو-خیپا، خوشکەکەم باش بێت. ئومێدەوارەم لەلای کەسوکاری خێزانی تۆ زۆرباش بێت، لەلای خێزانەکانت، لەلای منداڵەکانت، لەلای پیاوە گەورەکانت، لەلای هێزە شەونخونەکانت، لەلای ئەسپەکانیت، لەلای گالیسکەکانت، و لەناوجەرگەی وڵاتت بارودۆخ زۆر باش بێت** ( .Rainey ". 2015, p.135; EA 17: 1-10).

بەهەمان شێوە لە نامەیEA 19 دا: توشراتا بۆ نیموریا (ئەخناتون) ناردووە:

"**بە نیمورێیا (Nì-im-mu-re-ia)بڵێ، پاشا مەزنەکە، پاشای وڵاتی میسر، براکەم، خەزورت، ئەوەی منی خۆش دەوێت و ئەوەی منیش خۆشم دەوێت: بەم شێوەیە توشراتا(Tù-uš-ʿratʾ-ta) پاشا مەزنەکە، خەزورت، ئەوەی تۆی خۆش دەوێت، پاشای وڵاتی میتاننی، براکەت"**.(Rainey 2015, p.141; EA 19: 1-8 9). وەک لەم نامەیەدا دەردەکەوێت کە هاوسەرگیرییە سیاسییەکە پەیوەندی میتاننی و میصرییەکانی توندوتۆڵترکردووە.

توشراتا داوای فیرعەون پەسەند دەکات و کچەکەی دەداتێ:

"**کاتێک براکەم، مانێ پەیامبەری نارد، براکەم ئەمەی وت: کچەکەتم بۆ بنێرە، بۆ ئەوەی بیکەمە ژنی خۆم و خاتوونی وڵاتی میصر. دڵی براکەمە بێزارنەبوو، و بەهەموو نەرم و نیانییەکەوە وتی، بەڵێ بێگومان. ئەوەی براکەمە ئومێدی بۆ دەخوازێت خستمانە بەردەستی مانی، و ئەویش (شازادە خاتوونی بینی). و ئەوکاتەی کە (شازادە خاتوون)ی بینی لەوەسفیدا ستایشی کرد. پێیان ئەڵێم ئامادەی بکەن بۆ ئەوەی بە ئاشتی بێت بۆ وڵاتەکەت. ئومێدەوارم خواوەند شاوشکا و ئامون وای لێبکەن وەک ئەوەبێت کە دڵی براکەم داوای دەکات"**.(23–17 :Rainey 2015, p.141, EA 19 )".

توشراتا داوای مارەیی بۆ کچەکەی دەکات، و دەڵێت: "**ئەو زێڕەی کە براکەم دەینێرێت، با وەک مارەیی [بۆ] بوکەکەی بنێرێت**.(48 :Rainey 2015, p.143, EA 19) ".

ناوهێنانی خواوەند شاوشکا وەک خواوەندە خاتوونێکی خورری/میتاننییەکان و خواوەند ئامون وەک خواوەندی سەرەکی میصر و خواوەندێکی پیاو لە نامەی (24-23 :EA 19) وێناکردنی هاوسەرگیرییەکی پیرۆزی ئاینیشە، بە ناڕاستەوخۆ، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە لەو شوێنەی ناو نامەکەدا کە باس لە باشی پەیوەندی سیاسی نێوان هەردوو پاشای میتاننی و میصری دەکرێت، ناوی خواوەند تێشوپ(خواوەندی باوبۆران) وەک خواوەندی سەرەکی خورری/میتاننییەکان دێت و خواوەند ئامون وەک خواوەندی سەرەکی میسرییەکان دێت.(75-79 :Rainey 2015, p.143, EA 19).

**د. هاوسەرگیری شازادەیەکی میسری لەگەڵ پاشای میتاننی لە کۆشکی شاری نوزی**

هەرچەندە لە نامەکانی عەمارنەدا بەڕوونی دەردەکەوێت پاشا میتاننی و کاشییەکان خوشک و کچەکانیان بۆ هاوسەرگیری سیاسی ناردووە بۆ فیرعەونەکان، و پاش ماوەیەک داوای شازادەخاتوونی میصرییان کردووە بۆ هاوسەرگیری، بەڵام وەک لە دەقەکاندا دەردەکەوێت، کە میصرییەکان ئەم داوایەیان پەسەند نەکردبێت، بۆ نمونە پاشای کاشی داوای شازادەیەک لە فیرعەون ئەخناتون دەکات، پاشان پاشای کاشی دەڵێت بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبم لەلای خەڵک و پاشایانی دراوسێ، هەر کچێک، تەنانەت خزمەتکارێکیش بێت، بەشێوەیەکی شایستە بیگۆڕە و بڵێ شازادەیەکم بۆ ناردویت، لە نامەیەکی تر(EA 2)دا: (بەشی پێشەوەی شکاوە)، بەڵام وەک دیارە وەڵامی نامەکەی پێشووی فیرعەونە، کاداشمان-خاربێ دەڵێت:

**]"جگە لەوە] (زانیم) براکەم کە تۆ رازی نابیت کچەکەت بدەیت بەمن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەم؛ (کاتێک) کە من بۆتۆم نووسی (لەوبارەیەوە). [چۆن بۆ منت نووسی و وەڵامت دامەوە]، وتت: لە دێر زەمانەوە، هیچ کچێکی پاشایەک(لە پاشایانی)وڵاتی میصر بە هیچ (بێگانەیەک) نەدراوە، هەر کەسێک بووبێت؟!"** .(Rainey 2015, EA 2: 4-6). کاداشمان-خاربێی یەکەم کاداشـــمان-خاربێ لە ئامونحۆتێپی ســـێیەم (نیمووارێیا Nimuwareia)دەپرســـێت و داوای لێدەکات: **"بۆچی [نامەدەیتێ]؟ تۆ پاشایت! چیت ئەوێت ئەوە دەکەیت. ئەگەر بدەیت، کێ ڕێگرە؟**.(Rainey 2015, EA 2: 7, p.167) "

بەڵام وا دیـارە بەپێی دەقی نـامەکـان فیرعەون بەمەش رازی نـابێـت، لەلایەکی ترەوە توشـــراتـای میتـاننی دوای ئەوەی خوشـــکەکەی بۆ باوکی ئەخناتون و کچەکەی بۆ ئەخناتون ناردووە، بەڵام کاتێک داوای شـــازادەیەکی میصـــری دەکات کە کچی ئەخناتونە، ئەخناتون رازی نابێت، توشراتا خوازبێنی لە ئەخناتون دەکات و داوای ژنی لێدەکات و دەڵێت:**"ئەو شتانەی کە ئێستا (وەک دیاری) بۆم ناردویت هەر وا ناردومە، بەڵام ئەگەر براکەم ئەو ژنەم بداتێ کە بە ڕاستی داوام کردووە، و بەڕاستی بۆم بهێنن بۆ ئێرە، و بیبینم، ئەوە لێدەگەڕێم کە دە هێندەی ئەو برە(دیارییە)ی ئێســـتات بۆ بنێرن"** :Rainey 2015, p.285). EA 27: 16-18).بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە لە بەڵگە شـــوێنەوارییەکانی کۆشـــکەکانی میتاننی، بەتایبەت کۆشـــکە دۆزراوەکانی شاری نوزی بگەڕێین، دەبینین کە وێنەی سەردیواری کۆشکەکە بەڵگەیەکی بەهێزمان نیشان دەدات دەربارەی هونەرێکی تێکەڵ لە هونەری میتانی و میصـــری فیرعەونی ســـەردەمی ئیمپڕاتۆری هاوســـەردەم لەگەڵ نامەکانی عەمارنە. دیواری کۆشـــکەکەی نوزی بە چەند نەخشـــێکی ئەندازیی و رووەکی و ئاژەڵی و مرۆڤی رازێندراوەتەوە، لەنێوان ئەو نەخشـــانەدا وێنەی دەم و چاو و قژی خـاتوونێـک دەردەکەوێـت کە لەنـاو قژەکـانییەوە دوو گوێچکە و شـــــاخی بچووک لەلاتەنیشـــــتی پێشـــــی ســـــەرییەوە دەرکەوتوون)(Starr 1937, 492)بڕوانە وێنەی ژمارە١).



وێنەی ژمارە١: دیمەنی وێنەی سەردیواری کۆشکی شاهانەی میتانی لە شاری نوزی(باشوری کەرکوک)، کاریگەری هونەر و رەگەزی هونەری میصری بەدیدەکرێت، بەتایبەت دیمەنی خواوەند حەتحور و هێما مانگاییەکەی. (وەرگیراوە لە: Starr, 1937, pl.128, h.,.

وەک دیارە ئەو وێناکردنەی ژنان لە هونەری میتانی و مێســـۆپۆتامیا و تەنانەت هونەری زاگرۆســـیشـــدا هاوشـــێوەی نییە. ئەمەش کاریگەرییەکی بێگانەی دوور نیشـان دەدات، کاتێک کە لە کۆشـکی شـاژنەکانی فیرعەونەکانی میصـر دەڕوانین، دەبینین لە کۆشـــکەکانی فیرعەونەکانی میصـــر پەیکەری خواوەندێکی ژن وێناکراوە کە شـــاخ و گوێچکەی مانگای هەیە، ئەمەش وێنای خواوەندە ژنێکی مەزنی میصـــرییە کۆنەکانە کە لەم ســـەردەمەدا شـــاژنەکانی میصـــر وەک خواوەندێکی پارێزەری شـــاژنەکان لە خواوەند حەتحوریان دەڕوانی و لەبەرئەوە شـــاژن و شـــازادەخاتوونەکانی میصـــر لە کۆشـــکەکانی خۆیاندا پەیکەریان بۆ دروست دەکرد، نامەکانی ئەرشیفی عەمارنە بۆ سەردەمێکی کورتخایەن دەگەڕێنەوە، کە کەمتر لە سێ دەیەبووە لە نێوان ساڵانی(١٣٦٠-١٣٣٦پ.ز.)، نامەکان لەسەر تاتەقوڕ بە خەتی مێخی نووسراون، زۆربەی نامەکان بە شێوەزاری بابلی ناوەڕاست کە لقێکە لە زمانی ئەکەدی و لە ســـەردەمی کاشـــییەکاندا لە وڵاتی بابل(کاردونیاش) برەوی پێدراوە نووســـراون، بەڵام بە زمانی تریش چەند نامەیەکی تێدایە، وەک یەکێک لە نامەکانی توشـــراتای پاشـــای میتانی کە بە زمانی خورری نووســـراوە (Mandell, (2015) pp.1269-1313 ;اسماعیل، ٢٠١٠، ٣٠).

لێرەدا ئەو پرســـــیارە دێتە ئاراوە بۆچی لەســـــەر دیواری کۆشـــــکەکەی نوزی میتانییەکان وەک پایتەختێکی خۆرهەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەتی میتانی وابووە وێنەی ئەم خواوەندە میصـــــرییە کۆنە کێشـــــراوە؟ وەڵامەکەش لەو ئەگەرەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەوانەیە ئەو وێنەیە پەیوەستبووبێت بە بوونی شـازادە خاتوونێکی میصـری کە لەو کۆشـکەی میتانییەکاندا ژیاوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەوانەیە میصرییەکانیش شازادەیەکیان دابێت بە پاشایەکی میتانی وەک ساوشتاتار، گاتاماتا، یان یەکێک لە شازادە

کوڕەکانیان ئەو شازادە کچە فیرعەونە میصرییەی هێنابێت بۆ ئەو کۆشکە و لەو کۆشکە ژیابێت، و وەک شاژنەکانی وڵاتی خۆی داوایکردبێت کە هونەرمەندە میتاننی و میصرییەکان لەسەر دیواری کۆشکەکە وێنە و هێمای خواوەند حەتحوری بۆ بکێشن. لەلایەکی ترەوە، ئەبێت ئەوەش بڵێین کە بە پێی نازناوە تۆمارکراوەکانی میصرییەکان دەربارەی شاژنی فیرعەون، لە تۆمارە هیرۆگلیفییەکاندا بە دایکی پاشا(فیرعەون) وتراوە(گای مەزن) بە زمانی دێرینی میصر بە شاژن دەگوترا "ئومێر-معات-ڕەع" یاخود راستتر بڵێین (مانگای مەزن)(بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی ئەم نازناوە بڕوانە .Murray, 1963, 70). لە هونەری میصری دێریندا حەتحور بە شێوەی دەم و چاوی کچێک کە دوو گوێچکەی مانگای هەبوو وێنا دەکرا، قژێکی دەستکردیش ئەملاولای دادەپۆشی (لالویت، ٢٠٠٣، ٣٥٥-٣٥٦). ئەمەش ئەگەری ئەو وێناکردنەی شاژنە میصرییەکەی کۆشکی میتاننی زیاتر دەکات، کە لەوانەیە ئەم شاژنە، خۆی دایکی شازادەی جێنشینی میتاننیش بووبێت، و وەک ژنی یەکەم و فەرمی پاشای میتاننی هەژمارکرابێت، لەبەرئەوە وەک مانگای مەزن وێناکراوە، و گوێ و شاخ لە قژەکانییەوە هاتوونەتە دەر لە وێنەی سەر دیوارەکەیدا.

لەبەرئەوە دەبێت تەنها پشت بە نامە تاتەقوڕەکانی عەمارنە نەبەستین، و وەک دەزانین کە میصرییەکان لەسەر پەڕەیەکی کاخەزی لە زەل دروستکراو(وەرەقەی بەردی) بە حیبر دەیاننووسی، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کاغەزە لە ناوچەکانی دەرەوەی میصر، بە تایبەت ناوچەکانی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا لەبەر زۆری ڕادەی شێ و جیاوازی ئاووهەوا و خوێ لە شاری نوزی بەرگەی ئێرەی نەگرتووە و لەناوچووە. لەبەرئەوە ئەگەر نامەی تر هەبووبن بەو خەتی دیمۆتیکی یان هیرۆگلیفیی میصر لەسەر پەڕە کاغەزی زەل نووسرابن و نێردرابن بۆ مێسۆپۆتامیا، ئەوا ئەو نامانە لەناوچوون. لەبەرئەوە نازاندرێت ئایا میصرییەکان شازادە یان هەر کچێکیان ناردبێت بۆ هاوسەرگیری، و تۆمار و نامەی وردەکاری مارەییەکەی لەگەڵ ئەو دەقانەدا نێردرابێت و لەناوچووبێت یان نا، ئەگەری ئەمەش ئەوکاتە بەهێزدەبێت کە ئەرشیفکردنی پەیوەندییەکانی سەرەتای میتاننی و میصرییەکان لەلایەن میصریشەوە و گرنگی پێ نەدراوە، بەڵکو لە دواتردا گرنگیدانی میصرییەکان بەم پەیوەندییە برەوی سەند. جگە لەوەی کە تا ئێستا لایەنێکی وەڵامەکانی نامەکانی میتاننی و کاشییەکان دەزانین، و لەبەرئەوەی لە کۆشکەکانی نوزی(وێران تەپە) و دور-کوریگالزو(عەقەرقوف) و شوێنەکانی تر هیچ نامەیەکی فیرعەونەکان لەسەر تاتەقوڕ و بە خەتی مێخی نە دۆزراوەتەوە، ئەمەش ئەو ئەگەرە بەهێزدەکات کە میصرییەکان نامەبەر و نووسەری خۆیان بە نامەکەوە ناردبێت بۆ کۆشکی میتاننی و کاشییەکان، و هەروەها دەقی نامە میتاننی و کاشییەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە نامەکان لەلایەن کەسانی شارەزا لە خەتی مێخی و شێوەزاری بابلی و زمانی خوررییەوە نووسراون، هەر پەیامبەر و نامەبەرەکانیش بۆخۆیان ئەو نووسەرانەبوون کە چوون نامەکانیان بردووە بۆ فیرعەونیان خوێندۆتەوە، لەسەردەمی توشراتادا وای لێهات نووسەری خەتی مێخی خۆی بۆ کۆشکی ئەخناتون نارد، ئەم بەڵگانە و گریمانانە ئەو ئەگەرە بەهێز دەکەن کە لەوانەیە شازادەی کچی میصری درابێتە بە پاشا یان شازادە کوڕەکانی کۆشکی میتاننی و کاشییەکان و نێردرابێت بۆ مێسۆپۆتامیا.

توشراتا پاشای میتاننی نامەکانی بە ئاستێکی بەرزی وێژەیی نووسیون و ڕێزی زۆری بۆ ئەخناتون نیشانداوە، لە نامەیەکی تری دا کە بۆ نیموریا (ئامون-حۆتپ)ی سێیەمی ناردووە، توشراتا دوای سڵاو و ئومێدی باشی بۆ هەردوولا دەخوازێت و دەڵێت:

**"مانێ پەیامبەری براکەم بۆ لامان هات بە هۆی ئەو پەیوەندییە باشەی (لە نێوانماندایە) بۆ ئەوەی ژنەکەی براکەم(مەبەستی خوشکەکەی خۆیەتی کە داویەتی بە ئامون-حۆتپی سێیەم ببات و ببکات بە خاتوونی وڵاتی میصر. و ئەو تابلێتە قوڕینە(نامەیەی کە لەلای تۆوە) هێناوێتی چەند جارێک خوێندمەوە، و گوێم لە وشەکانی گرت. وشەکانی براکەم زۆر شیرین بوون، وەک ئەوە وابوو کە براکەمم (ڕووبەڕوو) بینیبێت، و ئەو ڕۆژە زۆر دڵخۆشبووم. ئەو رۆژە و شەوەکەی جوانکردم".**( Rainey 2015, p.148: EA 20:8-13) .

پاشان توشراتا ڕازی بوو کە کچەکەی بدات بە ئامون-حۆتپی سێیەم:

**"وشەکانی براکەم کە مانێ هێناوێتی هەمووی جێ بەجێ دەکەم، لەم ساڵدا." "ئەوا ئێستا براکەم(مەبەست لە ئامون-حۆتپ) ژنەکەی دەدەمێ کە دەبێتە خاتوونی میصر، و بۆ براکەمی دەبەن. وڵاتی خانی-گەڵبات و وڵاتی میصر، لەو رۆژەدا دەبنە یەک وڵات"**..(Rainey 2015, p.149-50: EA 20:14-19) .

لێرەدا ئامانجی هاوسەرگیرییەکە ڕووندەبێتەوە، کە توشراتا ویستوویەتی بەم هاوسەرگیرییە دۆستایەتی نێوان هەردوو ئیمپراتۆری میتاننی و میصر پتەوببێت. دووبارە دوای ئەو ئاماژەدانە بە هاوسەرگیرییەکە و ناردنی کچەکەی، دووبارە ناوهێنانەوەی شاوشکا و ئامون بۆ ئەوەی شازادەخاتوون لە دڵی فیرعەوندا شیرین بکەن Rainey 2015, p.151: EA ). 20:25-27). توشراتا بەم شێوەیە وردەکاری گواستنەوەی کچەکەی بۆ فیرعەون باس دەکات، و وەسفی جوانییەکەی دەکات:

**"هەر زوو بۆ براکەم ژنەکەی دەگوازنەوە. و ئەوکاتەی کە پێشکەشی براکەمی دەکەن، هەست دەکات کە بەتەواوەتی پێگەیشتووە، و دەبینێت کە ڕازێندراوەتەوە بەو شێوەیەی کە دڵی براکەم دەیخوازێت، و [هەروەها هەست دەکات] ئەو دیارییەی(مەبەستی خوشکەکەیەتی) پێشکەشی براکەمی دەکەم (بەنرخترە) لە هەموو (دیارییەکانی) پێشووتر".** (Rainey 2015, p.151: EA 20:28).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە توشراتا دەیەوێت فیرعەون ڕێز لە کچەکەی بگرێت، و دەڵێت بەنرخترین دیارییە کە بۆم ناردبێت. پاشان لە دێڕەکانی:(Rainey 2015, p.153: EA 20:61-62) توشراتا دەڵێت: **"خواوەند تێشوب ڕێگەم نادات هیچ گلەییەک لە براکەم بکەم."** دواتر توشراتا هاوباوەڕی خۆی و ئامون-حۆتپ بە خواوەندی خۆر نیشان دەدات، و دەڵێت: **"ئێمە وەک پیاوانێک کە خۆرمان خۆش دەوێت، ئومێدەوارین کە ئێستا وابین. و بەڵکو ئومێدەوارین چاودێرمان بێت و بۆ هەتا هەتایە خۆشەویستی لە دڵماندا دابگیرسێنێت."** (Rainey 2015, p.155: EA 20:73-79)). لێرەدا توشراتا بە ڕوونی ئاماژە بە **"خۆر پەرستی"** دەکات، وەک هاوبەشییەک لە نێوان میتاننی و میصرییەکاندا، ئەمەش لەوانەیە دوایی کاریگەری خۆی هەبووبێت لەڕێگەی شازادە میتاننییەکانی کۆشکی فیرعەون ئەخناتون و بانگەوازی یەکتاپەرستی بۆ خواوەند ئاتون(خۆر) لە جێگەی خواوەند ئامون، و میتاننییەکانیش زۆر گرنگییان بە خواوەندی خۆرداوە و لەیەکێک لە نامەکانی عەمارنەشدا ناویان هێناوە و لە نامەی EA 21 ، نامەی توشراتا بۆ نیموریا: دوای سڵاو و پرسین، توشراتا دەڵێت:

**"بە براکەم ئەوەی کە خۆشم دەوێت، کچەکەمم دایە بۆ ئەوەی ببێتە ژنی. ئومێدەوارم کە خواوەندە شیمیگا و شاووشکا لەپێشیانەوە بڕۆن. ئومێدەوارم بیانکەنە هاوشێوەی لە دڵی براکەمدا. ئومێدەوارم براکەم ئەو ڕۆژە دڵخۆشبێت. ئومێدەوارم کە خواوەند شیمیگا و شاووشکا پیت و فەڕ و دڵخۆشی نەبڕاوە بە بەراکەم ببەخشێت. ئومێدەخوازم فەڕدارت بکات، و ئومێدەخوازم ئەی براکەم، بۆ هەمیشەیی بژیت.**(Rainey 2015, p.157: EA 21: 13-23)".

لێرەدا لە پاڵ خواوەندی خۆشەویستی و فەڕی خوررییەکان (شاووشکا) و خواوەند شیمیگای خواوەندی خۆری خوررییەکانە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم نامەیە و نامەکانی پێشوودا ناوی خواوەندە ئامون دێت، بەڵام کاتێک ناوی خواوەندی خۆری خورییەکان (شیمیگا) دێت، ناوی خواوەندی خۆری میصرییەکان (ڕەع) یان ناوی خواوەند ئاتون نایەت(بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی خواوەند ڕەع بڕوانە.(Murray, 1963, 118).

خواوەند شاووشکای شاری نینوا(نەینەوا)ی میتاننی دوو جار نێردراوە بۆ میصر، جاری یەکەم بۆ بەشداری و پیرۆزکردنی هاوسەرگیری کێلو-خیپا لەگەڵ ئامون-حۆتپی سێیەم بوو، بەڵام جاری دووەمیان بۆ ئەوەبوو کە وەک پیرۆزکردنێک بۆ چارەسەری ئامون-حۆتپی سێیەم لە نەخۆشییەکەی. "نامەی :EA 23 ساڵی ١٣٥٥پ.ز. توشراتا لەگەڵ نامەیەکدا ناردوویەتی کە نووسیویەتی: **"ئومێدەوارم کە خواوەند شاووشکا، خاتوونی ئاسمان بمانپارێزێت، من و براکەم، سەد هەزار ساڵ".** .(Rainey 2015,p.186, EA 23: 13-17)".

وادەردەکەوێت کە توشراتا کچەکەی خۆی زۆر خۆشویستووە، و لەگەڵ کچەکەیدا دیارییەکی زۆری بۆ میصر نارد، دیارییەکان پێکهاتبوون لە سەدان پارچە خشڵ و جلوبەرگ و کەلوپەل و گالیسکە و ئەسپ و بەردی بەنرخ، و تەنانەت حەوز و تەشت و سەتڵ و کەلوپەلی ژیانی ڕۆژانەی ناو ماڵ وەک بێژنگ و شانە، و تەنانەت مێش کوژی ڕازاوە بە زێڕ و بەردی لازەورد، و سەتڵی ئاودانی ئەسپەکان، و چەندین کەلوپەلی تر کە ناوەکەیان بە زمانی خورری نووسراوە و تا ئێستا وەرنەگێڕدراوە. چەندین جۆر ڕم و خەنجەر و تیروکەوانی ڕازاوە بە بەردی بەنرخ و زێڕ و زیو. جلوبەرگی سەرەوە و ژێرەوە و جلوبەرگی وەرزە جیاوازەکان، داردەست و تەور و تەنانەت مقاشی کولێرە دەرهێنان لە تەنوریش وەک دیاری هاوسەرگیری لەگەڵ شازادە میتاننییەکە نێردراوە بۆ میصر .

نامەی (EA 24)تاکە نامەیە کە بۆ میصر نێردراوە و بە خەتی مێخی و زمانی خورری نووسراوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە لەوێ وەرگێڕ و نووسەری خەتی مێخی و زمانی خورری هەبوون، لەوانەیە شازادە خاتوونەکان کێلو-خیپا و تادو-خیپا هەردووکیان خوێندنەوە و نووسینی دەقی مێخی بە زمانی خوررییان زانیبێت، ئەم نامەیە درێژترین نامەی ناو نامە مێخییەکانی گردی عەمارنەیە. لە نامەیEA 24 بڕگەی 5 دا هەرچەندە شکاوە بەڵام دووبارە باسی بە شوودانی کچەکەی شوترنا (خوشکی توشراتا) و کچەکەی خۆی دەکات بە فیرعەون .(EA 24: 5: 47-51) لە هەمان نامەدا لە بڕگەی 8: دێڕەکانی 74-78: توشراتا دەڵێت: **"ئومێدەوارم خواوەند تێشوپ، شاووشکا، ئامون، شیمیگا، ئیا شاڕڕی هەموو ئەو خواوەندانە لە دڵەوە زۆر زۆر ئێمەیان خۆش بوێت."** (اسماعیل، ٢٠١٠، ١٥٢). لە هەمان نامە و لە ستوونی سێیەمدا لە بڕگەی 19: لە دێڕەکانی 1-10: توشراتا باسی هاوسەرگیری کچەکەی و ئامون-حۆتپی سێیەم دەکات. و لەبڕگەی 20، لە دێڕەکانی 11-14: دا دەڵێت "ئێستا ژنێک بە براکەی خۆم دەدەم، و وا بەڕێوەیە بۆ لای براکەم. کاتێک دەگات دەیبینیت، و تێبینی ئەوە دەکەیت کە لێی ڕازی دەبیت.

وا بەرەو براکەم دەڕوات، و لەگەڵ ویستی دڵی براکەمدا دەبێت.Rainey 2015, p.197) )". وا دیارە ئەم نامەیە لەگەڵ دەرچوونی کەژاوەی تادو-خیپا لە وڵاتی میتاننییەوە بە تەتەرێکدا نێردراوە.

هەروەها لە هەمان نامەدا توشراتا داوای لە فیرعەون کردووە ئامادەکاری بکات بۆ گەیشتنی شازادەی میتاننی و سازدانی ئاهەنگێکی شایستە/دەڵێت: **"ئێستا، کاتێک ژنی براکەم دێت، ئەوکاتە خۆی بۆ براکەم دەردەخات، ئومێدم وایە داییپۆشن وەک بەشێک لە من، و دەری بخەن وەک بەشێک لە گۆشتی من. و ئومێدەوارم براکەم خەڵکی هەموو وڵات(ی میصر) کۆبکاتەوە. و ئومێدەوارم هەموو وڵاتانی تریش، و میوانە ئامادەبووەکان، و هەموو پەیامبەرەکان ئامادەبن"** ,Rainey 2015, p.201).
(EA 24: col.II, lines: 21-26لێرەدا توشراتا داوادەکات کە ڕێوڕەسمێکی هاوسەرگیری شاهانەی نێودەوڵەتی بۆ هاوسەرگیری کچەکەیی و ئەخناتون لە کۆشکی فیرعەونەکانی میصر ئەنجامبدرێت.

لە هەمان نامە توشراتا دەڵێت: **"ئێستا، کچەکەی باوکم، خوشکەکەم ئەویش لەوێ یە(لای تۆ)، و ئەو تابلێتە قوڕەی (**کە تێیدا نووسراوە**) دیارییەکان ئەوانەی لەوێن. و هەروەها کچەکەی باپیرم، خوشکی باوکم خۆی لەوێ یە، و هەروەها ئەو تابلێتەی (**کە تێیدا نووسراوە**) دیارییەکانی ئەوانەی لەوێن. ئومێدەوارم کە براکەم پشتگیریان بێت و ئەم دوو تابلێتە(نامەیە)یان بداتێ، و گوێ بگرێت لەوەی کە تێیدا نووسراوە. و ئومێدەوارم کە لێیان بگەڕێت ئەوانیش ئەو تابلێتە(نامەیە)ی کە لە منەوە بۆیان نێردراوە پێشکەشیان بکرێت (کە تێیدا نووسراوە) ئەو دیارییانەی کە من ناردومن، ئومێدەوارم کە براکەمە گوێڕایەڵی ئەوەبێت کە لەونامەیەدا نووسراوە، و با بزانێت کە دیارییەکان زۆر و زەوەندەن، و جوانن و گونجاون بۆ براکەم"** .
(Rainey 2015,: EA 24: Col.II, lines:35-43).

لێرەدا توشراتا دەیەوێت بۆ ئاهەنگی کچەکەی لە کۆشکی فیرعەونەکان، هەردوو شازادەخاتوونی میتاننی خوشکەکەی توشراتا و پوری توشراتا کە شوویان بە ئامینۆفسی سێیەم و ئەخناتون کردبوو، و لە کۆشکی فیرعەونەکان دەژیان ئامادەی ئاهەنگەکە ببن و دیاری بۆ ناردوون تا بۆ ئاهەنگی تادو-خیپای کچی توشراتا خۆیان بۆ ئاهەنگەکەی بڕازێننەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پاشای میتاننییەکان ئەو شازادە خاتوونە میتاننییانەیان پشتگوێ نەخستووە کە بۆ فیرعەونەکانی میصریان ناردوون. لە بڕگەی ٣٢، لە دێڕەکانی ٥٨-٦٥ دا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ هەیە بۆ ئەوەی کە تادو-خیپا و دوو خوشکی تری هەموویان دووانەن و زۆر لەو چوون، بەڵام بە قسەی توشراتا ئەم جوانتربووە، و ئەم کچە و پاکیزە، و ئەوەی تر لەوانەیە هەر لە کۆشکی خوررییە/میتاننییەکان شووی کردبێت، لەبەرئەمەشە، پاشا لە چەند شوێنێکدا داوا لە فیرعەون دەکات کە گوێ لە دووزمان و بوختانچییەکان نەگرێت، و تادو-خێپا جوانەکەیانە. (اسماعیل، ٢٠١٠، ١٦١).

نامەی EA 26 کە نامەیەکی توشراتایە بۆ خاتوونی گەورەی میصر، شاژنە (تی)، ژنەکەی ئامون-حۆتپی سێیەم (میموریا)، و ئەم نامەیە وەڵامێکە بۆ ئەو شاژنە کە داوای لە توشراتای پاشای میتاننی کردبوو، کە پەیوەندییە باشەکانی لە دوای مردنی ئامون-حۆتپی مێردییەوە درێژە پێبدات، و هاوکاری کوڕەکەی بێت کە ناوی ئامون-حۆتپی چوارەم بوو، و لە نامەکەدا بە نابخوریا ناوی هاتووە. لە سەرەتادا دوای هەواڵپرسین، ڕاستەوخۆ پرسیاری کچەکەی خۆی (تادو-خێپا) دەکات، و ئومێدەوارە باش بێت. و هەروەها توشراتا داوا لە شاژنی میصر دەکات لەگەڵ شاژنی وڵاتی میتاننی شاژن(یونی) ژنیدا پەیوەندی بەردەوام ئەنجامبدات، توشراتا دەڵێت:

**"ئومێدەوارم کە پەیامبەرە تایبەتەکانت بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ پەیامبەری نابخوریادا بڕۆن. و لەگەڵ پێنج...بۆ یونی ژنم. ئومێدەوارم پەیامبەرەکانی یونی ژنم بە شێوەیەکی بەردەوام بێن [بۆ لای تۆ** (Rainey 2015, p.279: EA " ]." .(26: 58-63زانیاری لەبەردەست نییە داخۆ ئەم شاژنەی میتاننی، ژنەکەی توشراتا، شاژن (یونی) شازادەیەکی میتاننی بووە، یان شازادەیەکی میصری بووە، و فیرعەونەکان داویانە بە توشراتا، چونکە بنەچەی ناوەکەی نازاندرێت. لەم نامەیەوە تێدەگەین کە توشراتا ئەیەوێت پەیوەندیی بەهێزی نێوان میتاننی و میصرییەکان بەردەوام بێت، لەبەرئەوە ئومێدەوارە کە نامەبەرانی نێوان ژنەکەی کە ناوی (یونی) بووە، لەگەڵ شاژنی میصر خاتوو تی بەردەوام بێت. ئەم بەردەوامییە بۆ توشراتا گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئەم پەیوەندییە باشەی نێوان شاژنەکان، کاریگەری لەسەر کامەرانی کچەکەی و خوشکەکەی دەبێت کە خێزانی ئەخناتون و ئامون-حۆتپی سێیەم بوون.

توشراتا لە زستانی ساڵی ١٣٥١پ.ز.دا نامەیەک بۆ نابخوریا/ئەخناتون دەنێرێت، و لەگەڵ نامەکەشدا دیاری بۆ شاژن تی دایکی ئەخناتون، و کچەکەی خۆی (تادو-خیپا)ی ژنی ئەخناتون ئەنێرێت. و زۆر بەگەرمی هەواڵی کچەکەی خۆی ئەپرسێت و ئەڵێت:**"ئومێدەوارم کە بارودۆخی تادو-خیپای کچم ... زۆر باش بێت."** .(Rainey 2015, p.297) .ئەمەش گرنگی خۆی هەبووە کە توشراتا لەم نامە فەرمییەدا بە گرنگییەوە لە بارودۆخی باشی کچەکەی پرسیوە و هیوای بەختەوەربوونی لە کۆشکی فیرعەونەکاندا بۆ خواستووە.

توشـــراتا خوازبێنی لە ئەخناتون دەکات و لەلایەکی ترەوە، توشـــراتا بەناوی خۆشـــەویســـتی بۆ کچەکەی خۆیەوە کە ژنی ئەخناتون بوو داوای پەیکەری زێرین دەکات: **"داوام لە باوکت میموریا کرد کە دوو پەیکەری بەرجەستەی قاڵب، یەکێکیان بۆ من، و ئەوی تریان پەیکەری تادو-خیپای کچم بێت، باوکت وتی: گرنگی بەوە مەدە کە پەیکەری زێرینی بەرجەســـتەت بدەمێ."**. (Rainey 2015: p.30750–54 EA 29)

لە نامەی :EA 29 توشراتا بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

**"[بە نیبخوریا پاشـــای وڵاتی میصـــر بڵێ، براکەم ]، خەزورت ئەوەی تۆی خۆشـــدەوێت، و ئەوەی تۆ خۆشـــت دەوێت: [توشـراتا ئاوا دەڵێت: پاشـا]ی مەزن، پاشـای [وڵاتی میتانی]، براکەت، خەزورت."** (Rainey 2015, p.302: EA 5–1; :29اسماعيل، ٢٠١٠، ١٩٥).

توشـــراتا باســـی پەیوەندی لە مێژینەی باپیرانی خۆیی و باپیرانی ئەخناتون بۆ ئەخناتون دەکات، و داوای لێدەکات کە پەیوەندییەکەیان بەردەوام بێت:

**"ئەوکاتەی [تحۆتمس(ی چوارەم)] باوکی نیموریا (ئامون-حۆتپی ســـێیەم بۆ ئارتاتامای باپیرمی نووســـی، و داوای کچەکەی[باپیرم، خوشکی] باوکمی کرد؛ پێنج جار نامەی نووسی، شەش جار. بەڵام نەیدایە، دوای ئەوەی بۆ جاری حەوتەم بۆ [باپیرم]ی نووســی، لەبەر ئەوەی کە ئەو هەمووە جەختی لەســـەرکردەوە، کچەکەی دایە."** ( :Rainey 2015, p.303). EA 29: 16-17

ئەگەر بەو شێوەیە بووبێت ئەوە دەگەیەنێت سەرەتا میتانییەکان لەگەڵ هاوسەرگیری سیاسیدا نەبوون لەگەڵ فیرعەونەکان. پاشان توشراتا باسی ئەوە دەکات کە نیموریای باوکی ئەخناتونیش کاتێک کە داوای خوشکی توشراتای کردووە، باوکی رازی نەبووە، و شەش جار داوایکردووە، لە جاری شەشەمدا رازی بووە. پاش ئەوە توشراتا و باسی بەشوودانی کچەکەی دەکات و دەڵێت:

**"کاتێک نیموریای باوکت بۆ منی نووســـی، بۆ داوای کچەکەم، من نەم وت نا، بەڵکو راســـتەوخۆ بە پەیامبەرەکەیم وت، بەڵێ من دەیدەمێ "**.(Rainey 2015, EA 29:: 21-23).

توشـــراتا بۆ ئەخناتونی باس دەکات کە چۆن ئامون-حۆتپی باوکی رێزی لە پەیامبەرەکانی توشـــراتا گرتووە کە ئەو کاتەی تادو-خیپایان بۆ بردووە بۆ میصر، فیرعەون بۆ ئەوەی پەیامبەر و نوێنەرەکانی توشراتا دڵنیابکاتەوە کە جێگە و شوێنی مانەوەی شازادەی میتانی تادو-خیپا جێگەیەکی گونجاو و شایستەیە، فیرعەون ئامون-حۆتپی سێیەم هەموو بەشەکانی کۆشکەکە، ئەوانەی بۆ تادو-خیپا ئامادەکراوە دەیانگێرێت و نیشانیان دەدات:

**"بەم شـێوەیە نیموریای باوکت رێزی لە (پەیامبەر و نوێنەرەکانی)گرت، وەک ئەوەی پیاوماقوڵ بن، وەک ئەوەی هاورێ بن. پاشان [لەگەڵ] هەموو پەیامبەرە نیشتەجێبووەکاندا، لەناو خانووە(کۆشکە) تایبەتکراوەکاندا بۆ تادو-خیپا گەڕان، و هیچ (کام) لە پەیامبەرەکان نەمابوون لەوانەی کە چووبوونە ژوورەوە [لەگەڵی] کە [شـتێکی نەدابێتێ"**. Rainey 2015, EA). 29: 32-33)

ئەمەش بەڵگەیە کە لەگەڵ شـازادەی میتانیدا پەیامبەرەکان و هاوەڵانی شـازادەیان بە بوکی بردووە بۆ میصـر، لەوەوپێش لە ئاهەنگەکەیدا بەشداربوون و چوونەتە کۆشکی فیرعەونەوە .توشراتا باسی لە خۆشەویستی خۆیی و تازیەباری بۆ مردنی ئامون-حۆتپی سێیەم دەربڕیوە، وەک خۆی لە نامەکەیدا بۆ ئەخناتونی نووسیوە بەبیستنی هەواڵەکە تەنانەت نانی بۆ نەخوراوە و شەویش نەخەوتووە، لە هەمان نامەدا توشراتا دەڵێت:

**"ئەوکاتەی کە [براکەم] نیموریا بەرەو قەدەری خۆی چوو، هەواڵەکە بڵاوبووەوە، [ئەوکاتەی بیســـتم] هەواڵەکە، [هیچ شتێک] لە مەنجەڵدا لێنەندرا، و من لەو رۆژەدا گریام، و [لە نیوە شەودا] دانیشتیم(بەتەنیا). ئەو رۆژە نان و ئاوم نەخوارد، و نەخۆش کەوتم[بە خۆمم دەوت: بریا] من [بمردمایە]، بریا دە هەزار (کەس) لە وڵاتی من بمردنایە، و هەروەها دە هەزار لە [وڵاتی] براکەم، بەڵام ئەو برایەی کە من خۆشم ئەوێ بژیایە، و ئەوەی منی بە زیندوویی خۆشدەویست هەتا (ئەوکاتەی) ئاسمان و زەوی بوونیان دەبوو بژیایە"**(Rainey 2015, EA 29: 55-61) .

ئەم دەربڕینانەش ئەوە دەگەیەنن کە هاوســـەرگیرییە ســـیاســـییەکانی میتانییەکان ســـەرکەوتووبوون و کاریگەرییان لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان پاشایانی میتانی و فیرعەونەکان هەبووە، و لەلایەکی تریشەوە، توشراتای پاشای میتانی دەیەوێت بەم نامەیە، وا لە شـازادەی جێنشـینی میصـر (ئەخناتون) بگەیەنێت کە میتانییەکان پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ باوکی هەبووە، و ئەمەش هەم بۆ ئەوەیە کە پەیوەندییەکە بەردەوام بێت، و هەم بۆ ئەوەشـە کە توشراتا دڵنیاببێتەوە لەوەی کە داهاتووی کچەکەی و خوشکەکەی لە کۆشکی شاهانەی فیرعەون ئەخناتون مسۆگەر دەبێت، لەکۆشکدا پەراوێز ناخرێن.

نامەبەرە فەرمییەکەی توشـراتا کە ناوی کیلیا بوو، و هەروەها ڕێز و خۆشـەویستـی ئەخناتونیشـی بەدەسـتهێنابوو، بەڵام توشـــراتا برای کیلیای نارد کە ناوی مازی-باتلی بوو، وەک توشـــراتا ئەڵێت ئەم پەیامبەرە مامی کیلیا بوو. هەروەها لەگەڵ پەیامبەر و شـاندەکەدا کەسێکی تر هەبووە ناوی ئار-تێشـوب بوو، توشـراتا هەواڵی پێگەیشـتووە کە مازی-باتلی و ئاڕ-تیشوب **"تاوانێکیان لە وڵاتی براکەم"** ئەنجامداوە.(Rainey 2015, EA 29) . هەروەها لە نامەی29 EA باسـکراوە کە تاوانەکەیان ئەوە بووە:**"ڕێگەیـان بۆ کراوەتەوە بچنە [نـاو]...، هەروەک چۆن خزمەتکـارەکـانی تر ئەوانەی کە لە وڵاتی میصــر نیشـتەجێن(بەهەمان شـێوە). مانی (پەیامبەری ئەخناتون) لەوێ لەبەردەمم بوو، تاوانبارکران بەو تاوانە لەبەردەممدا. بەڵام [مانی] دەربارەی ئەوە قسەدەکات [کە چۆن ناوبانگیان باش بووە]، و من لەبەردەم ئەواندا وتم: بۆچی ناوبانگتان... . پاشان توشـراتا دەڵێ لە مانی بپرسـە، من ئەوانم بە زنجیر کۆتکرد، و هەریەکێکیانم بۆ سـەر سنووری وڵات بۆ شـارێک ناردووە. براکەم هیچی دەربارەی ئەوان نییە.** (Rainey 2015, EA 29: 173-175).

هەروەها توشـــراتا داوا دەکات لە ئەخنـاتون پێی بڵێ چ تـاوانێکیـان کردووە، ئینجا لە هەمـان نـامەدا لە دێڕی 180 دا دەڵێت:**"براکەم وا [هەواڵی تـاوانەکەیـان] بڵاوبووەتەوە، خۆزگە براکەم [بڕیـارێکی] دەربکردایە، و چۆن ویســـتی براکەمی لەسەر بێت، من ئاوایان لێدەکەم"..** 180: Rainey 2015, EA 29))

هەرچەندە ئەو تاوانەی کە ئەنجامیان داوە، باسـنەکراوە، لە ناوەڕۆکی نامەکەدا وا دەردەکەوێت کە توشـراتا دەیەوێت خۆی لێبدزێتەوە، و باســەکە بخاتەوە مەیدانی ئەخناتون، بەڵام ئەگەر بێت و ئەگەرەکان بخەینەڕوو، لەوانەیە بێ ڕێزیکردنێک بە ئەخناتون یان بە پیرۆزییەکانی ڕوویدابێت، بە تایبەت کاتێک دەبینین ئەخناتون سـەرقاڵی شۆڕشە ئاینییەکەی بوو، کە دەیویست ڕووبکاتە یەکتاپەرسـتی، و تەنها یەک خودا بپەرسـتێت کە ئەویش خواوەندی خۆر "ئاتون"بوو، بەڵام لەوانەیە ئەو پەیامبەرانە دیارییان بۆ پەرســتگەی ئامون بردبێت، یان ئەوەتا کارێکی دوور لە ڕەوشـــتی ئەو کۆمەڵگەیەیان کردبێت لەگەڵ ئەو خاتوونە خوررییانەی کە لە میصـر هاوەڵانی شـازادە خاتوونی میتاننی بووە. لە کۆشـکی ئەخناتون لە بەشـی شـازادەخاتوونی میتاننیدا ژیاون، یان دزییەکیان کردبێت، بێگومان ئەمانە تەنها ئەگەرن. ئەوەی توشـراتای نیگەران کردووە، ئەوەیە کە دەنگوباسـی ئەو تاوانە گەیشتووەتەوە دیوانی کۆشکی میتاننی و وڵاتی میتاننی. ئەمەش سەرئێشە و شەرمەزارییان بۆ توشراتا لە کۆشکی میتاننی و لە کۆشکی فیرعەونیشدا نیگەرانی بۆ شازادەخاتوونە میتاننییەکان دروستکرا.

**٢.هاوسەرگیری شازادەی کاشییەکان لەگەڵ شازادە فیرعەونەکان و عیلامییەکان**

کاشـــییەکان لەگەڵ فیرعەونەکانی میصـــر، عیلامییەکان، و ئاشـــوورییەکاندا پەیماننامەیەیان بەســـت، و ئەم پەیماننامانەش ڕێخۆشکەربوون بۆ ئەوەی هاوسەرگیری سیاسی لەنێوان شازادە کاشی و عیلامی و ئاشوری و فیرعەونەکاندا ئەنجام بدرێن. و ئەوەی لێرەدا تایبەتە بە پەیوەندی میصـــر و کاشـــییەکانە، کە چەند شـــازادە خاتوونێکی کاشـــییەکان دراون بە فیرعەونەکان و لەبەرامبەریشدا کاشییەکان داوای شازادەی میصرییان کردووە، هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا:

**أ. هاوسەرگیری کچەکەی کاداشمان-خاربێی یەکەم(کاداشمان-ئێنلیل) لەگەڵ فیرعەونی میسر**

کاداشـــمان-خاربێ/ئێنلیلی یەکەم لە دەوروبەری (١٣٦٤-١٣٥٠پ.ز.) فەرمانڕەوایی وڵاتی کاردونیش (وڵاتی بابل)ی کرد، و ســـێ نامەی بۆ فیرعەونی میســـری ئامون-حۆتپی ســـێیەم ناردووە، و ئەویش دوو نامەی بۆ ئەم ناردووەتەوە، و هەروەها کاداشمان-خاربێی یەکەم خوشـکەکەی خۆیدا بە ئامون-حۆتپ، و دواتریش هەوڵیدا کە کچەکەشـی بدات بە ئەخناتون، بەڵام وردە وردە پەیوەندییان ساردی تێکەوت، چونکە پاشای کاشییەکان چەند جارێک نامەبەری بۆ میسر نارد بۆ ئەوەی بزانێت بارودۆخی خوشــکەکەی لە کۆشـــکی فیرعەون چۆنە، بەڵام فیرعەون ڕێگەی نەدا بە نامەبەری کاشـــییەکان و نوێنەرەکەیان کە خوشـــکی پاشای کاشی ببینن.(Love, (2017), 20) .

ئامون-حۆتپی ســـێیەم وەڵامی نامەکەی کاداشـــمان-خاربێی یەکەمی دایەوە، و ئێمە لێرەدا تەنها ئەو بەشـــانە وەردەگرین کە پەیوەستن بە بارودۆخی خوشکەکەی و بەشوودانی کچەکەیەوە، ئەخناتون ئەڵێت :

**١-٦"بە کاداشـمان-خاربێی یەکەم، برای من، بڵێ، بەم شـێوەیە نیمواریا، پاشـای گەورە، پاشـای وڵاتی میصـر، براکەت، دەڵێت: لای من بارودۆخ باشــــە، ئومێدەوارم لای تۆش باش بێت، و کەســــوکارەکەت، ژنەکانت، مناڵەکانت، گەورەپیاوانت، ئەسپەکانت، گالیسکەکانت، هەموو وڵاتت، زۆر باش بن".**

**٧-بارودۆخ لەلای من باشـە، کەس و کارم، ژنـەکانم، مناڵەکانم، گەورەپیاوانم، ئـەسپەکانم، گالیسـکەکانم، سوپا زۆرەکەم، باشن، و لەناوەڕاستی وڵاتانمن زۆر باشن.**

**١٠ ــ وا گوێگری ئەو قسەیەبووم کە تۆ بۆ منت دەربارەی نووسیبوو و دەڵێیت: "کە تۆ دەتەوێت کچەکەم ببێتە ژنی تۆ، خوشـــکەکەم ئەوەی کە باوکم دای بە تۆ، لەوێ ماوە لەلای تۆ؟ بەڵام کەس نەیبینیوە، (تا ڕوون ببێتەوە) بزاندرێت کە ئایا زیندووە، یان مردووە."**

**١٤ .ئەوە ئەو وتانەی تۆ بوون کە لەسەر تابلێتە قوڕینەکە بۆ منت نووسیون. (بەڵام) کەی تۆ پیاوێکی گرنگت ناردووە خوشکەکەی تۆ بناسێت، و بتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات، و بیناسێتەوە و قسەی لەگەڵ بکات.**

**١٨ .ئەو پیاوانەی کە تۆ ناردووتن هیچ و پوچن، یەکێکیان پەیامبەربوو (لای من) زەقارا، و ئەوەی تریان شوانە کەری وڵاتی...، هیچ کەسێک لەناو ئەوانەدا [خوشکەکەی تۆی نەدەناسییەوە]، و کەسیان کەسی نزیکی باوکت نەبوون، و [تابتوانن بیناسنەوە**(Rainey 2015, EA 1: 1-18: pp.59-60) ".[

فیرعەون وەڵام دەداتەوە، نامەکە بەشێکی شکاوە، پاشان دەڵێت:

**"دەربارەی ئەوەی بۆ منت نووسیوە و کە قسەت لەگەڵ نامەبەرەکانم کردووە، و ژنەکانت پێکەوە کۆبوونەتەوە و لەبەردەمتدا وەستاون، و پێت وتوون: بڕوانن! ئەوە خاتوونەکەی ئێوەیە، ئەوەتا لەبەردەمتاندا وەستاوە. بەڵام پەیامبەرەکانت (بەتەواوەتی) نەیانناسیوەتەوە، ئایا ئەوەی کە لە تەنیشتتەوە وەستاوە خوشکەکەی منە؟!"**(Rainey 2015, EA 1: 26).

وا دیارە ئەخناتون زیاتر توڕەیی خۆی نیشان دەدات و دەڵێت:

**"ئەوەتا خۆت بۆ منت نووسیوە و ئەڵێیت: پەیامبەرەکانم خوشکەکەی منیان نەناسیوەتەوە** (Rainey 2015, EA 1: 30) ".

بە توشراتا ئەڵێت:

**"ئەی کێ بیناسێتەوە! تۆ بۆچی پیاوێکی گرنگ بۆ لای من نانێریت، تا بتوانێت قسەیەکی ڕاست بکات (دەربارەی) سەلامەتی خوشکەکەت لێرە؟ و (بەم شێوەیە) متمانە بەو کەسە بکە کە دەینێریت بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەوە تا شوێنی نیشتەجێبوونی ببینێت و چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ پاشادا ببینێت".**(Rainey 2015, EA 1: 32) .

بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە ئەخناتون وا نیشاندەدات ڕێگری نەکردووە لە پەیامبەرەکانی پاشای کاشی، تەنانەت بڕۆنە بەشی ژنان (حەریم)ی کۆشکەوە تا شازادەخاتوونە کاشییەکە ببینن، و لەوێ جوانی و خۆشی شوێنی حەوانەوەی شازادە کاشییەکە ببینن، هەروەها لێشی بپرسن کە پەیوەندی ئەخناتون چۆنە لەگەڵیدا.

ئێمە وەک توێژەر تەنها دەقی ئەم وشانەی ناو نامەکان دەبینین، بەڵام لەناوەڕۆکی وردەکارییەکاندا بە ڕوونی دیارە لە هەر سێ لاوە، لەلای نامەبەر و پەیامبەری پاشای کاشییەکان، هەروەها لەلای ئەخناتون، ناڕوونی و بەدگومانی و شت شاردنەوە لەیەکتر هەیە. ئامون-حوتپی سێیەم، گلییەکانی خۆی لە پاشای کاشی کاداشمان-خاربێی یەکەم و پەیامبەرەکانی زیاتر چڕ دەکاتەوە و دەڵێت:

**"دەربارەی ئەوەی کە بۆ منت نووسیوە و دەڵێیت: لەوانەیە ئەوەی کە پەیامبەرەکانم بینیێتیان کچە هەژارێک بووبێت، یان یەکێکی وڵاتی گەشگاییا، یان کچی یەکێک لە وڵاتی خانی-گەڵبات، یان یەکێک لە وڵاتی ئوگاریت بێت. ئایا کێ دەتوانێت متمانە (بەم پەیامبەرانە) بکات؟ (پاشان) ئەوەی کە لە تەنیشت تۆوەیە، هەر دەمی نەکردەوە، لە هیچ شتێکدا متمانەیان پێ مەکە"**(Rainey 2015, EA 1: 36) ".

دواتر، ئامون-حۆتپی سێیەم لە نامەکەدا دەپرسێت:

**"ئەگەر [خوشکەکەت] مردبێت، بۆچی [مردنەکەی] دەشاردرێتەوە، و یەکێک لە جێگەی ئەو رادەوەستێندرێت[لە ڕیزی ژنەکاندا بەرامبەر پەیامبەرەکان]؟! با بزانیت بە حەقی خواوەند ئامون [کە خوشکەکەت زیندووە** (Rainey 2015, EA 1: 42)].

ئامون-حۆتپی سێیەم ئەیەوێت دڵنیایی بداتە کاداشمان-خاربێی یەکەم کە خوشکەکەی لە وڵاتی میصر لە کۆشکی فیرعەونە لە بارودۆخێکی باشدایە و نزیکترین کەسە لە شاژنی فەرمی وڵات، و وەک خوشکی ئەو هەژماریکردووە، ئەخناتون دەڵێت:

**["خوشکەکەتم کردووە] بە خوشکی دایکە شاژن، و گەورەی ماڵ[کۆشک]".** (Rainey 2015, EA 1: 47).

ئامون-حۆتپی سێیەم لە گلەییەکانی خۆی دەربارەی کاداشمان-خاربێی یەکەم و وەڵامدانەوەی دێر بە دێری نامەکەی بەردەوام دەبێت، و بە پاشای کاشییەکان دەڵێت:

**"دەربارەی ئەوەی بۆت نووسیوم و دەڵێیت: من کچانم داون بە پاشایانی دەوروبەرم، و کاتێک پەیامبەرەکانم دەچن بۆ وڵاتەکانیان، قسەیان لەگەڵ دەکەن. و دیاری ئاشتیم بۆ دێننەوە. بەڵام ئەوەی لەلای تۆیە"**(Rainey 2015, EA 1: 52) .

**"ئەمە وتەکانی تۆ بوون. لەوانەیە پاشاکانی دراوسێت دەوڵەمەند و مەزن بن، و کچەکانت شتیان لێیان دەست بکەوێت، و بۆتۆی بنێرنەوە. و (بەڵام) خوشکەکەی تۆ کە لەلای منە چی لایە؟!**(Rainey 2015, EA 1: 36).

ئەمەشیان گلەییەکی دوو سەرەیە لەلایەن ئامون-حوتپی سێیەم، لایەکی گلەییەکە ئەوەیە کە لەوانەیە ئەم خوشکەی پاشای کاشییەکان کاتێک نێردراوە بۆ میصر و دیاری هاوسەرگیری زۆری لەلایەن (کاداشمان-خاربێی یەکەم)ەوە پێنەدرابێت، و لەلایەکی تریشەوە، فیرعەون گلەیی ئەوەبکات کە شازادە کاشییەکە لە میصر هەموو شتێکی لایە، بەڵام بەشی برا و باوکی بۆ

وڵاتی کاشییەکان دیاری نەناردووەتەوە، لەهەردوو بارەکەدا ئەوەیە کە پاشای کاشییەکان لەلایەن فیرعەونەوە گاڵتەی پێدەکرێت، و پێی دەڵێت ئەگەر لە وڵاتانی ترەوە دیاری درا بە کچەکەت ئەوا من بۆتۆی ئەنێرم :

**"ئەگەر هەر شتێکی دەستبکەوێت، ئەوا من بۆتۆی دەنێرم." ئینجا ئەخناتون تانە لە کاداشمان-خاربێی یەکەم دەدات و پێی دەڵێت: "ئایا [کارێکی]جوانە کە تۆ فەرمان بە کچەکانت بکەیت کە جلوبەرگێک لە دراوسێکانیان بەدەستبهێنن"!** . . (Rainey 2015, EA 1:60-61, p.36)

پاشان فیرعەون گلەیی ئەوە دەکات کە لە سەردەمی کاداشمان-خاربێی یەکەمی و کوریگالزوی یەکەمی باوکیدا هەموو جارێک پەیامبەرەکانی پاشایانی کاشی دیاریی بەنرخیان لە فیرعەون وەرگرتووە، و کە گەڕاونەتەوە وتوویانە هیچمان وەرنەگرتووە، لەبەرئەوە فیرعەون دوا جار هیچ دیاری پێ نەداون و ئەڵێت:

**"لەبەرئەوە بە خۆمم وت: شتیان بدەمێ و نەیاندەمێ، ئەوان هەر ئەو درۆیانە دەکەن. لەبەر ئەوە بڕیارمدا کە لەمەودوا هیچ شتێکیان نەدەمێ".** (Rainey 2015, EA 1:75) .

لێرەدا ئەخناتون گلەیی لە نامەبەرەکانی پاشای کاشی دەکات، بەوە تۆمەتباریان دەکات کە ئەو دیارییانەی لە میصرەوە بۆ پاشایانی کاشی ناردوون، یان دیارییەکانیان گۆڕیوە و شتی خراپیان داناوە، یان ئەوەتا دیارییەکانیان بۆ خۆیان بردووە. ئەمەش ڕێگەی تێدەچێت، چونکە یەکێک لەو نامانەی کە پاشایانی کاشییەکان بۆ میصرییان ناردووە، ئەو دێڕانەی ناوی دیارییەکانی تێدانووسراوە، سڕدراونەتەوە، ئەمەش ئەو گومانە زیاتر دەکات کە پەیامبەرەکان دیارییەکانیان بۆ خۆیان بردووە. وادیارە فیرعەون هەندێک کچی گەنجی بەدیاری بۆ پاشای کاشییەکان کاداشمان-خاربێی یەکەم ناردووە:

**"دەربارەی ئەوەی کە بۆ منت نووسیوە و بە پەیامبەرەکانی مندا ڕوونتکردووەتەوە: ئایا گەورەتان هیچ سوپایەکی هەیە؟ و ئەو کچە گەنجانەی کە ناردوویەتی جوان نین"** .(Rainey 2015, EA 1:76)".

پاشان فیرعەون ئەڵێت: **"ئەوە قسەکانی تۆن. (بەڵام ئەوە) وا نییە. نامە بەرەکانت قسەی راست ناڵێن"** (Rainey . 2015, EA 1:81).

هەموو ئەمانەش کاریگەری لەسەر بارودۆخی ئەو شازادە کاشییە بێ هەواڵە هەیە کە لە کۆشکی فیرعەونەکاندا هیچ سۆراخێکی بۆ پاشای کاشییەکان دەرنەکەوتووە، و تەنها ئەوە نەبێت کە دواتر لە نامەکانی تردا تێدەگەین کە ئەم شازادە خاتوونە کاشییە بە پەتایەک لە کۆشکی فیرعەونەکان مردووە، و دوا چارەنووسی ئاشکراکراوە.

ئینجا کاداشمان-خاربێ دڵنیادەبێتەوە لەوەی کە ئەخناتون ئامادەنییە کچەی خۆی بداتێ، یان شازادەیەکی میصری بداتێ، دەیەوێت لەناو کۆشک و پیاوماقوڵان و سەرکردەکانی وڵاتی خۆی شەرمەزارنەبێت کە فیرعەون کچی نەداوەتێ، لەوانەش گلەیی ئەوەی لەسەر بووبێت کە پاشایانی کاشی کچ و خوشکەکانیان دەدەنە فیرعەونەکان، بەڵام ئەوان ئامادەنین شازادەی میصرییان بدەنێ. لەبەرئەوە داوا لە ئەخناتون دەکات کە هەر کچێکی وڵاتی میصری بۆ بنێرێن و بەجۆرێک بیڕازێننەوە وەک شازادەیەکی میصری دەربکەوێت و لە دیاری و ڕازاندنەوە و نامەی نامەبەرەکاندا کە لەگەڵ کچە میصرییەکە دەینێرن بنووسن ئەوە شازادەیە:، کاداشمان-خاربێ دەڵێت:

**"کە ئەم قسەیەیان بۆ من کرد، من ئەمەم بۆ براکەم نووسی و پێم وت: کچە پێگەیشتووەکان، ژنە جوانەکان [بەدڵنیاییەوە]لای تۆ هەن، ژنێکی جوانم بۆ بنێرە؛ وەک ئەوەی کە کچی خۆت بێت [وا بیڕازێنەرەوە و وای نیشان بدە]، [ئەوکات] کێ ئەڵێت ئەمە کچی پاشا نییە؟! (بەڵام) تۆ (ژنێکم) بۆ نانێریت، بەبێ ئەوەی بەوردی بیری لێنەکەیتەوە** . "(Rainey 2015, p.73, EA 4,: 10-14)

ئینجا کاداشمان-خاربێ دەیەوێت بە شێوەیەکی تر ئەخناتون رازی بکات، و ژن بە ژنی لەگەڵدا بکات، یەکێک لە کچەکانی بداتێ، ئەویش لە بەرامبەردا یەکێک لە کچەکانی بدات بە فیرعەون، لەبەرئەوە لە نامەکە(EA 4)دا بە فیرعەون دەڵێت:

**"لەوانەیە تۆ دڵنیابیت کە من ژنێکت بۆ نانێرم، ئەوا منیش-وەک تۆ-رازی نابم ژنت بدەمێ. نا (دڵنیابە) کچەکانم ئامادەن، ناڕەزامەند نیم کە دانەیەکیانت بدەمێ بۆ خۆت**.(Rainey 2015, EA 4, 20) ".

لێرەدا دەبینین کە کاداشمان-خاربێ دەیەوێت نیگەرانی خۆی نیشان بدات، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕەزامەندی خۆی نیشانداوە کە کچێکیانی بە فیرعەون بدات، ئینجا کاداشمان-خاربێ داوای هاوسەرگیری کچەکەی فیرعەون و داوای هەندێ ئاژەڵی دەگمەنیش دەکات: **"لەبەرئەوەی من [بۆتۆم نووسی] دەربارەی هاوسەرگیری، لەبەرئەوە دەربارەی ئاژەڵەکان بۆم نووسیت"** .(Rainey 2015, EA 4, 23)ئینجا کاداشمان-خاربێ ڕەزامەندی خۆی نیشاندەدات کە کچەکەی بدات بە ئەخناتون، بەڵام بە ئەخناتون دەڵێت **"نابێت منداڵت لێی ببێت"**، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نامەکانی تری کاداشمان-خاربێ دەبینین بە ئەخناتون دەڵێت:

**"کچە پێگەیشتووەکان، ژنە جوانەکان [بەدڵنیاییەوە]لای تۆ هەن، ژنێکی جوانم بۆ بنێرە؛ وەک ئەوەی کە کچی خۆت بێت [وا**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**بیرازێنەرەوە و وای نیشـــان بدە]، [ئەوکات] کێ ئەڵێت ئەمە کچی پاشـــا نییە؟! (بەڵام) تۆ (ژنێکم) بۆ نانێریت، بەبێ ئەوەی بەوردی بیری لێنەکەیتەوە"**.(Rainey 2015, EA 4, 11-14) .

بەم شـێوەیە ڕوون دەبێتەوە، کە پاشـای کاشـی کاداشـمان-خاربێ دوای ئەوەی بێ هێوابوو لە ئەخناتون، و هیچ هەواڵێکی دەربارەی خوشکەکەی نەزانی و ئەخناتونیش گلەیی ئەوەی لێکرد کە پەیامبەرەکانی پاشای کاشی شازادەخاتوونەکەی خۆیان لە کۆشـکەکەیدا لە میصـر نەناسـیوەتەوە و نەیانزانیوە کامە شـازادە خاتونەکەیانە، و هەروەها ئەخناتون ڕازی نەبوو شـازادەیەکی میصـــری بداتە پاشـــای کاشـــی بۆ ئەوەی بیکات بە ژنی خۆی، لەبەرئەوە وا دەردەکەوێت کاشـــییەکان لە ناردنی شـــازادەی پێشـووتریشدا کە وەک کچی پاشـای کاشـی کوریگالزو و خوشـکی کاداشـمان-خاربێ نێردرابوو بۆ فیرعەونی میصـر، لەوانەیە لەبەرئەوەبووبێت، چونکە ئەو کچە شـازادە نەبووە، و وەک شـازادەیەک ڕازاندوویانەتەوە و ناردوویانە بۆ میصـر، دیارە هەر وەک جارانی پێشـــوو ئەمجارەش کە کاداشـــمان-خاربێ خاتوونێکی ناردووە، کە لە نامەکەدا دەڵێت ئەوە کچەکەمە، بەڵام نابێت منداڵت لێی ببێت، ئەمە بۆخۆی گرنگە، چونکە گومانی تەواو دەخاتە سـەر پەیوەندی ڕاسـتەقینەی نێوان کاشـییەکان و میصـرییەکان. کاتێک دەبینین شـازادەخاتوونی کاشـی کە لە نامەکاندا بە (کچەکەی کوریگالزو و خوشـکەکەی کاداشـمان-خاربێ)ناوی دێت، هەواڵێکی ڕوون لەبارەیەوە نییە کە ئایا زیندووە و لە کۆشکی ئەخناتونی میصرە یان مردووە.

**أ. هاوسەرگیری کچەکەی بورنابوریاش لەگەڵ فیرعەونی میصر**

پاشـای کاشـییەکان بورنا-بوریاشـی دووەم لە دەوروبەری (١٣٤٩-١٣٢٣پ.ز.) فەرمانڕەوایی کردووە، هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ فیرعەون ئەخناتون توندوتۆڵ بکاتەوە، و کچەکەی خۆی دا بە فیرعەونی میصـری، و بە پەیامبەری فیرعەوندا ناردی بۆ میسر، و دیاری زۆریشی پێ بەخشی، بەڵام لە پای ئەوەدا پێی خۆشبوو ژن بە ژن بکات، و بۆ ئەم مەبەستەش داوای کچەکەی فیرعەونی کرد، کە ناوی مریت-ئاتون بوو، و کە بە میاتی لە تۆماری نامەکاندا ناوی هاتووە، بەڵام فیرعەون ڕازی نەبوو کچەکەی بدات بە پاشای کاشی (اسماعیل، ٢٠١٠، ٤٤). لەلایەکی تریشـەوە، پاشـای کاشـی داوای لە ئەخناتون کرد کە ئەگەر شازادەیەک نانێریت ئەوا هەر کچێک بێت بینێرە و بڵێ شازادەیە و وەک شازادە بیرازێنەوە، ئەمە ئەو گومانە دروست دەکات، کە لەوانەیە کاشییەکان هەر لە سەرەتاوە بە فێڵەوە لەگەڵ فیرعەونەکان هاوسەرگیری سیاسییان کردبێت، و لەوانەیە ئەو کچەی کە بە کچی کوریگالزو و خوشـکی کاداشـمان-خاربێ لە نامەکاندا ناوی هاتووە، هەر لە بنەڕەتدا شـازادە خاتوونێکی کاشـی نەبووبێت، بەڵکو کچێکی جوانی وەزیرێک یان هاوڵاتییەکی کاشـییەکان بووبێت، بەناوی شـازادەوە ناردبێتیان، لەوێ ئەخناتون گومانی لێکردبێت، بەتایبەت کاتێک کە نامەمەبەرەکانی کاشـییەکان دەچنە میصـر وەک ئەخناتون دەڵێ لە کۆشـک هەموو شـاژنەکانیان بینیوە، شـازادە خاتوونیش لەوێ بووە، بەڵام نەیانتوانیوە شـازادە کاشییەکەی خۆیان بناسـنەوە. لەلایەکی تریشـەوە کاتێک کاداشمان-خاربێ بە فیرعەون دەڵێت ئەوە کچەکەم بۆ ناردوویت، و دەڵێت با منداڵت لێی نەبێت، ئەو گومانە زیاتر دەبێت کە ئەم خاتوونەی کە نێردراوە، ئەویش کچی پاشـای کاشـی نەبێت، و کچێکی ئاسـایی یان سـەرکردەی سـوپا یان وەزیرێکی کاشییەکان بووبێت، و پاشای کاشی نەیەوێت ئەو کچە لە فیرعەون ئەخناتون منداڵی ببێت، کاداشمان-خاربێ دەڵێت: **" ئەو کچەم کە بۆتۆی دەنێرم، نابێت منداڵت لێی ببێت. بەڵام ئاژەڵەکان بۆم بنێرە کامەیان کە دەتەوێت"**-Rainey 2015, EA 4, 31).

.(35 لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت پاشـای کاشـی گرنگی بەو بەناو شـازادەیە و کچەی نادات کە ژیانی چۆنە لە میصـر و کۆشـکی ئەخناتون، بەڵکو تەنها دوو داواکاری لە ئەخناتون هەیە **"نابێت منداڵی لێی ببێت"**، چونکە ئەگەر منداڵی بوو، ئەوە وەک نەوەی پاشـای کاشـییەکان دەناسـێندرێت و دەبێتە کچەزای پاشـای کاشـی. داواکاری دووەمیشـی ناردنی ژمارەیەک ئاژەڵی دەگمەنە لە میصـرەوە، ئاژەڵە دەگمەنەکان بەرامبەر بە ناردنی **"کچەکەی"** لە هەمان دێڕ نووسـیندا داناوە، ئەمەش ئەو گومانە زیاتر دەکات کە ئەو کچە کاشـییەی نێردراوە، کچی کاداشـمان-خاربێ نەبووبێت، ئەم گومانانە لە ناوەڕۆکی ئەو نامە ئاڵوگۆڕکراوانەی نێوان کاداشـمان-خاربێ و ئەخناتونەوە دروسـت دەبن، چونکە کاداشـمان-خاربێ زۆر بە شـێوەیەکی ماددی بیردەکاتەوە و داوای زێڕ و دیاری زۆر دەکات، و تەنانەت ئەخناتون گاڵتەی پێدەکات و پێی دەڵێت تۆ کچەکانت دەدەی بە پاشاکانی دراوسێت بۆ ئەوەی دیارییان لێ وەربگریت.

لەلایەکی ترەوە کاتێک کاداشـمان-خاربێ کە بە فیرعەون دەڵێت ئەوە کچەکەم بۆ ناردوویت با منداڵت لێی نەبێت، مەبەسـتی ئەوەبێت منداڵێک لەو هاوسـەرگیرییەی نێوان فیرعەون و ئەو کچە کاشـییە دروسـت نەبێت، چونکە ئەگەر منداڵیان ببێت، ئەوا ئەو منداڵە لە دایکییەوە وەک نەوەیەکی شـاهانەی کاشـییەکان دەناسـێندرێت، و ئەمەش بۆ کاشـییەکان خۆش نەبووبێت، چونکە لەوانەیە فێڵیان لە فیرعەونەکان کردبێت، و کچێکی ئاسـاییان ناردبێت بەناوی شـازادەیەکەوە. پرسـیارێکی تریش کە دێتە ئاراوە دەربارەی ئەو کچە کاشـییە و بارودۆخی ژیانی، جگە لەوەی کە ئازاری دووری وڵات و ژیان لە کۆشـکێکی بێگانەی هەڵبژاردووە، لەلایەکی تریشـەوە، مافی دایکایەتی لێ زەوتکراوە، و لەنامەکەدا پاشای کاشییەکان داوای لە فیرعەون کردووە کە نابێت منداڵی لێی ببێت. پرسـێکی تریش ئەوەیە ئایا چۆن ڕێگەیان لە منداڵبوون گرتووە؟ لە ڕێگەی سـروشـتییەوە، لە ڕێگەی

بەکارهێنانی دەرمان و گیای ســـروشـــتییەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەســـەر منداڵدانی دایکەکە بکات، یان ئەوەتا لەباربردنی کۆرپەلەکەنیان لە سکی دایکیاندا هەڵبژاردووە، یان پاشا پارێزەری لە پێستی ناوەوەی ڕیخۆڵەی ئاژەڵ هەڵبژاردووە، هەریەکێک لەمانە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر بارودۆخ و ژیان و تەندروستی ئەو شازادە کاشییە هەبووە.

ئەگەر بەراوردێکی نامەکانی توشراتا بکەین، هەستێکی جوانی داڕشتن و سۆزێکی زۆر بۆ کچ و خوشکەکەی و لێپرسینیان لە نامەکاندا و هیوای خۆشـگوزەرانی و پاڕانەوە لە خواوەندانی میتاننی و میصـری بۆ خۆشـگوزەرانییان ئەوە دەسـەلمێنێت کە توشراتای میتانی پەیوەندییەکی سەنگینتر و ڕاستەقینەی لەگەڵ فیرعەونەکانی میصر هەبووە.

لە درێژەی نامەکەیدا، کاداشـــمان-خاربێ داوای زێری زۆر دەکات، بۆ ئەوەی لە ڕازاندنەوەی ئەو کۆشـــکە نوێیەیدا کە وا دروستی دەکات بەکاریبهێنێت:

**"دەربـارەی ئەو زێرەی کە لەبـارەیەوە بۆ منـت نووســـی، ئەوەی کە هەیە بۆم بنێرە، بـا زۆربێت (بەپێی ئەوەی کە ئەگونجێت) پێش ئەوەی پەیامبەرەکەت بێت بۆ لای من، ئێستا، بە خێرایی، لەماوەی ئەم هاوینەدا، لە مانگی تەموز یان ئاب، بۆ ئەوەی ئەو کارەی کە ئەمەوێت و سەرقاڵیم تەواوی بکەم."** (Rainey 2015, EA 4, 36-40) .

کاداشـــمان-خاربێ دەیەوێت لە وەرزی هاویندا زێرەکەی لە میصـــرەوە بۆ بنێردرێت، بە ئەخناتون ئەڵێت ئەگەر زێرەکە نەنێریت کچەکەمت نادەمێ:

**"ئەگەر ئەو زێرەم بۆ بنێریت کە دەربارەی بۆم نووسـیویت، لەماوەی هاویندا، لە مانگی تەموز یان ئاب، ئەوا کچەکەمت دەدەمێ. ئەگەر زێرەکەم بۆ بنێریت، بەشـێوەیەک کە ڕازیکەربێت، وەک ئەوەی دڵم داوای دەکات** (Rainey 2015, EA 4, 41-43). ".

پاشان دەڵێت، ئەگەر زێرەکە لەکاتی خۆیدا نەگەیشت، ئەوا زێرەکە دەنێرمەوە و کچەکەشت نادەمێ:

**"ئەگەر زێرەکەم لە مانگی تەموز یان ئابدا بۆ نەنێریت ئەوا من ئەو کارەی کە پێوەی ســـەرقاڵم ناتوانم تەواوی بکەم. ئەی [دوای ئەوە] زێرم بۆچییە؟! (ئەوکات) نەوەت کیلۆ زێریشم بۆ بنێریت، هەر ڕازی نابم. بۆت دەگێرمەوە، و کچەکەشمت نادەمێ بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵدابکەیت"** .(Rainey 2015, EA 4, 44) ".

ئەمە لە زاراوەسـازی کوردەواری ئێسـتاماندا پێی ئەوترێت "شـیربایی" وەرگرتنی زێر و پارە بۆ باوکی کچەکە پێش ئەوەی کچەکەی بەشوویدات بە زاواکەی. بەشی خوارەوەی نامەکە هەندێک دێڕی سڕدراوەتەوە، فاروق ئیسماعیل لە شیکردنەوەیدا بۆ ئەم دەقە دەڵێت کە لەوانەیە ئەو دێرانە باســـی دیاری بکات، بەڵام تەتەرە نامەبەرەکان ســـڕیویانەتەوە و دیارییەکانیان بۆخۆیان هەڵگرتووە. (اسماعیل، ٢٠١٠، ٧٦).

**پەیوەندییەکانی بورنابوریاشی دووەم (1359-1333پ.ز.)ی پاشای کاشی و ئەخناتون:**

لە نامەی(EA 7) و (EA 8)دا، بورنابوریاشـی پاشـای کاشـی نامەی بۆ هەردوو فیرعەون ئامون-حۆتپی سـێیەم و ئامون-حۆتپی چوارەم (ئەخناتون) ناردووە، و گلەیی لە فیرعەون ئەکات کە نەهاتووە بۆ ســـەردانی کە نەخۆشـــبووە، تەنانەت هێندە نەخۆشـبووە نەیتوانیوە پێشـوازی لە پەیامبەرەکەی بکات، لەوردەکاری نامەکەدا ئاماژە بەو چەتە و ڕێگرانە دەکات کە لەوڵاتی شـام بوونەتە مەترسـی سـەر ڕێگەی کاروانی بازرگانەکانی کاشـییەکان و تەتەرە نامەبەرەکان و دەبنە هۆی دواکەوتنیان، ئەمە جگە لەوەی ئاماژە بە مەترســی ڕێگەی وشــک و گەرم و بێ ئاوی دەکات کە بووەتە هۆی ئەوەی تەنها باری یەک ئەســپ لە بەردی بەنرخ و لالغاوی ئەسپ بە دیاری بۆ ئەخناتون بنێرێت، بەڵێنی داوە کاتێک کە ئاووهەوا خۆشبوو دیاری زیاتر دەنێرێت. (اسماعیل، ٢٠١٠، ٨٣).

**مەترسییەکانی ڕێگەی گواستنەوەی شازادەکچە میتانی و کاشییەکان بۆ وڵاتی میصر**

گواسـتنەوەی شـازادەکچەکان لە وڵاتی کاردونیاش یان وڵاتی میتانییەوە بۆ میصـر چەندین هەفتەی پێویسـتبوو، و هەروەها پێویستبوو کە هێزێکی زۆر و ڕاهێندراو لەگەڵ شازادەکچەکەدا بڕوات، چونکە کاروانێکی گەورە لە دیاری و خشڵ و کەلوپەلی بەنرخ لەگەڵ شـازادەکچەکاندا وەک دیاری هاوسـەرگیری دەنێردرا، ئەمەش پێویسـتی بەوەبوو کە بپارێزرێت، جگە لەوەی کە ژیانی شـــازادەکەش دەکەوتە مەترســـییەوە. تا ئێســـتا وردەکاری بەردەســـت نییە دەربارەی ئەوەی کە ئایا لەکاتی گواســـتنەوەی شـازادەکاندا بۆ میصـر کاروانەکانیان توشـی مەترسـی چەتە و ڕێگرەکان هاتوون یان نا، بەڵام ئەوەی ڕوونە کە بورنابوریاش داوای لە ئەخناتون کردووە کە هێزی زیاتر بنێرێت، ڕازی نەبوو کچەکەی بۆ میصـــر بنێرێت، چونکە ئەو هێزەی کە هاتبوون شـازادە کاشـییەکە ببەن بۆ وڵاتی میصـر ژمارەیان کەم بوون، و پاشـای کاشـییەکان داوای ژمارەیەکی زیاتری کردووە لەبەر مەترسییەکانی ڕێگە لە ڕێگر و چەتە و هۆزەکان.

**هۆکاری 'مردنی' شازادە کاشییەکەی ژنی لە کۆشکی فیرعەون**



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بورنابوریاش نامەیەکی تر (EA 11) بۆ نابخورۆریا(ئەخناتون) ئەنێرێت، و لە نامەکەدا باس لە چەند خاڵێک دەکرێت، ئەوەی تایبەتە بە شازادەکان، لە نامەکەدا پەیامی تازیە باری بۆ ئەنێرێت بەبۆنەی مردنی خوشکەکەی خۆیەوە کە ژنی ئامون-حۆتپی سێیەم بوو، وا دیارە دواجار شازادە کاشییەکە کە پەیامنێرەکان دەیانوت نەمانبینیوە لە کۆشکی فیرعەون، مرد(یان مردنەکەی ئاشکرا کرا)، وەک لە نامەکەدا دیارە:

**٥] .دوای ئەوەی] [ژنەکەی] باوکتم لاواندەوە؛ پەیامبەر خوئام [بۆ] ناردیت،.......وەرگێرەکە....... بۆم نووسیویت و وتم: کچی پاشا ئەوەی [مرد] ئەوە بۆ [باوکت] نێردرابوو[یا دانەیەکی] تر ببەن [بۆ تۆ[،**

**٩].و تۆ] خامشی پەیامبەرت ناردبوو، و...... میخونی وەرگێرت ناردبوو، [وتی:......ژنی] باوکم لاوێندرایەوە.......... ئەوە ئەو.........ئەوە ئەو ژنەیە.........ئەو بە پەتایەک مرد"** .(Rainey 2015, EA 11, 5-9).

ئەم دەقەش هەردوو گومانەکە زیاتر دەکات کە هەم ئەو کچە لەوانەیە شازادەیەکی کاشی نەبووبێت، و هەم فیرعەونەکانیش وەک پێویست ڕێزیان لێنەگرتووە، مردنەکەشی وەک مردن بە پەتایەک باسکراوە. وەک لەم نامەیەدا دەردەکەوێت کە 'شازادە' کاشییەکە ژنی ئامون-حۆتپی سێیەم بووە، و بەپەتا مردووە، هەروەها پاشای کاشییەکان ئەیەوێت ڕاستەوخۆ جێگەکەی بە هاوسەرگیرییەکی تری سیاسی پڕبکەنەوە، و پاشای کاشی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە کە کچەکەی بدات بە ئەخناتون، و لە نامەکەدا نووسیویەتی ئەو کچەی مرد بۆ باوکت نێردرابوو، با دانەیەکی تر ببەن بۆ تۆ.(Rainey 2015, EA 4, 20).

- **دەستنیشانکردن و مارەکردنی شازادەکچەکەی بورنابوریاشی پاشای کاشی:**

بورنابوریاش پێشوازی لە پەیامبەرەکانی ئەخناتون کرد و زەیتیان کرد بەسەر شازادەکچەکەی بورنابوریاشدا وەک دیاریکردنی وەک ڕێوڕەسمی دەستگیرانی ئەخناتون بوو، بورنابوریاش دەڵێت:

**١٦.خامەشی پەیامبەرت و میخونی وەرگێرم [بە کچەکەم] ناساندن، زەیتیان بەسەر سەری کچەکەمدا کرد. ئەوەی تایبەتە بەوانەی کە کچەکەم لەگەڵ خۆیان بۆتۆ دێنن، کێ لەگەڵ خۆی دەیبات؟ لەگەڵ خایا، تەنها پێنج گالیسکە دەیهێنن بۆ لای تۆ، بەڵێ تەنها پێنج گالیسکە؟! ئێستا، ئایا ڕێگەم پێئەدەیت کە ئەمەت ئاوا لە ماڵی خۆمەوە بۆ بگوازمەوە بەم شێوەیە؟!**

**٢١.پاشایانی دراوسێم پێم [ئەڵێن] کچی پاشای گەورەیان بۆ وڵاتی میسر برد، تەنها بە پێنج گالیسکە!**

**٢٣] .ئەوکاتەی] [باوکم] ڕێگەی دا کە [کچەکەی] بۆ باوکت بگوازێتەوە، ......... سێ هەزار جەنگاوەری لەگەڵدابوو، ............** . (Rainey 2015, EA 11, 16-23).

ڕووی پشتەوەی نامەکە(EA 11)، بورنابوریاش داوای هێزێکی زۆرتری پارێزەری میسری دەکات بۆ ئەوەی شازادەکچەکەی پێدا بنێرێت بۆ ئەخناتون بۆ میسر:

**١٣ .خایا گەورەی پیاوەکانت، ئەوەی بۆ لای منت ناردووە، گالیسکەکان و هێزێکی کەمی لەگەڵە. گالیسکە و سوپای زۆرترم بۆ بنێرە، بۆ ئەوەی خایا شازادەخاتوونت بۆ بێنێت. گەورەیەکی تر مەنێرە. ئەو شازادە خاتوونەی [ڕۆنی بەسەر]سەردا کرا، پێویستە لەلای من دوا نەکەوێت. بە زوویی بینێرن [بۆ ئەوەی بیبەن]** (Rainey 2015, EA 11, II:13).

لەوانەیە ئەم ڕۆن بەسەرداکردنە، ڕێوڕەسمی دەستنیشانکردنی پێش مارەکردن بووبێت، لەبەرئەوە پاشای کاشییەکان دەڵێت، دەبێت پەلە بکرێت لە گواستنەوەی کچەکەی، ئەمەش هاوشێوەیە ئەو خووە کۆمەڵایەتییەیە کە تا ئێستاش لە دوای دەستنیشانکردن و مارەکردن باوان و کەسوکاری پەلە دەکەن لە گواستنەوەی کچەکەیان، داوا دەکەن گواستنەوەی کچە مارەبڕاوەکەیان دوانەکەوێت.

جگە لە مەترسی ڕێگە و چەتەکان، پاشای کاشی نایشارێتەوە کە لە لۆمەی پاشا دراوسێکانیشی دەترسێ، ئەگەر ڕازیبێت کچەکەی بە کەژاوەیەکی پێنج گالیسکەییەوە بۆ فیرعەون بنێرێت، لەکاتێکدا خوشکەکەی بە کەژاوەیەکی سێ هەزار و پێنج سەد سەربازی میسرییەوە نێردراوە بۆ میسر، لەلایەکی تریشەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە پاشا ئیلامی، کاشی و میتانییەکان سیخوڕ و هەواڵدەر لە کۆشک و شاری کوریگالزو هەبووە، یان دەنگوباسەکان لە ڕێگەی ئەو شازادانە کە لە هاوسەرگیری سیاسی نێوان ئەو شانشینانە و کاشییەکاندا تێکەڵ بە بنەماڵەی شاهانەی کاشی بوون. هەروەها پاشای کاشییەکان ئەیەوێت ڕێز لە کچەکەی بگیرێت، و بە شێوەیەکی شایستە بەڕێبکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت هێزێکی وای لەگەڵدابێت چەتەکان و هۆز و شانشینە نەیارەکان لە ڕێگەیدا بۆ میسر هێرش نەکەنە سەری، لەبەرئەوە پاشای کاشی داوای ناردنی هێزی زیاتر دەکات لە فیرعەون، بۆ ئەوەی شازادەکچە کاشییەکە بە شێوەیەکی شایستە بەڕێبکرێت.

"کچەکەی بورنابوریاش" لە ڕێگەیدا بۆ میسر کە بە بووکی دەبرێت، نامەیەک بۆ باوکی دەنێرێتەوە، فاروق ئیسماعیل پێی وایە کە ئەم نامەیە (EA 12) لەلایەن شازادە کچەکەی بورنابوریاشەوە نێردراوە بۆ باوکی، و لەوانەیە باوکی بۆ ماوەیەک

لەگەڵ کچەکەیدا تا سەر سنوری رۆژئاوای وڵاتی کاردونیاش ڕۆیشتبێت. لەبەرئەوە لە ڕێگەدا کچەکەی ئەم نامەیەی بۆ باوکی ناردووە. کچەکەی بورنابوریاش لە نامەکەدا نووسیویەتی:

**"بە گەورەم بڵێ: کچی پاشا ئاوا دەڵێت: "نومێدەوارم خواوەندەکانی بورابوریاش لەگەڵت بڕۆن. بە سەلامەتی بڕۆیت، و بە ئاشتی پێش بکەویت، و [دووبارە]کۆشکەکەت ببینیتەوە** .(Rainey 2015, EA 12, 7) ".

ناوەڕۆکی ئەم نامەیە وردەکارییەکی شاراوەتریشی لێ دەخوێندرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە لەوانەیە بورنابوریاش ویستبێتی لەگەڵ کچەکەیدا هەتا سنوری میصر یان تا کۆشکی ئەخناتون بچێت، بەڵام لەوانەیە لە ڕێگەدا هەواڵێکی بە پەلەی بۆ هاتبێت پەیوەستبووبێت بە ئاژاوەیەکی ناو کۆشک و شارەکانی وڵاتی کاردونیاشی کاشییەکانەوە، چونکە کچەکە لە نامەکەدا نووسیویەتی: ١٦ **"هیواخوازم کە باردودۆخ لە شارەکانت و کۆشکەکەت باش بێت** .(Rainey 2015, EA 12, 16) .لەلایەکی ترەوە، کچەکە بە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە دەردەخات کە بە نابەدڵی شوو بە ئەخناتون دەکات، چونکە لە نامەکەدا دەڵێت:**"نیگەران مەبە (بۆ هەستت) کە ئەم دڵتەنگییەتان بەسەر مندا سەپاند** " .(Rainey 2015, EA 12, 17) )".هەروەها کچەکە لە نامەکەدا بۆ باوکی نووسیوە: **"خزمەتکارەکەت کیدین-ئەدەد هانمەدەدات بۆ ئەوەی بەردەوام بم بۆ فیدای گەورەکەم** . (Rainey 2015, EA 12, 23).

ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە "کچە کاشییەکە" بەنابەدڵی شووی بە فیرعەونکردووە. لەلایەکی تریشەوە، بە پاشای کاشای ناڵێ باوکە، بەڵکو دەڵێت "گەورەم" نازاندرێت ئەمە وەک ڕێز وابووە، یان نا، هەروەها دەبێت ئەوەش بپرسین، ئایا ئەم نامەیە کە لە ڕێگەدا نووسراوە و نێردراوەتەوە بۆ کۆشکی پاشای کاشییەکان لە مێسۆپۆتامیا، چۆن دەقی لەبەرگیراوەیەکی تری لە کۆشکی ئەخناتون پارێزراوە. ئایا فیرعەون ناوەڕۆکی ئەم نامەیەی بینیوە؟ ئەمانە چەند پرسێکن، لە ئێستادا لەبەر کەمی بەڵگەی دۆزراوە ئاسان نییە وەڵامبدرێنەوە.

لە نامەی EA 8 دا، بورنابوریاشی پاشای کاشی داوا لە ئەخناتونی فیرعەونی میصر دەکات سزای چەتەکانی شاری خەناتونای وڵاتی کەنعان بدات، بەتایبەت فەرمانڕەوای شاری عەککا سزا بدات کە پیاوەکانی ناردووە بازرگانە کاشییەکانیان کوشتووە، و زیوەکەیان دزیوە، و بورنابوریاش بە نەبخوروریا(ئەخناتون) ئەڵێت:

**" وڵاتی کەنعان وڵاتی تۆیە، پاشاکانی [خزمەتکارتن]. لە وڵاتی تۆدا [کاروانەکە] تاڵانکرا، و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکە و قەرەبووی ئەو زیوە بکەرەوە کە بردویانە. ئەو پیاوانەی کە خزمەتکارەکانی منیان کوشتووە، بیانکوژەرەوە، تۆڵەی خوێنیان بکەرەوە، ئەگەر ئەو پیاوانە نەکوژیت، ئەوا دێنەوە و دەتکوژن، یان لە کاروانەکەی من یان لە تەتەرە پەیامبەرەکانت، و پەیوەندی پەیامبەران لە نێوانماندا دەپچڕێت".**(Rainey 2015, EA 8, 25-34) .

هەروەها سوتییەکانیش هۆزێکی شوانکارەی بیابانەکانی خۆرهەڵاتی وڵاتی شام بوون لە ناوچەکانی دەوروبەری تەدمورەوە بۆ ڕووباری فورات و دەبوونە ڕێگر و بەربەست لە ڕێگەی کاروانە بازرگانی و پەیامبەر و دیارییەکانی کاشییەکان بۆ میصر و بە پێچەوانەوە. (Postgate, (1981), 51.) .

لە نامەی EA 10 دا بورنابوریاش بۆ نیپخوریا(ئەخناتون)دا باس لە خراپی ئەو خاوی زێرە دەکات کە ئەخناتون ناردویەتی، هەروەها بورنابوریاش سەرسامی خۆی بە جوانی کچەکەی ئەخناتون دەردەبڕێت، و دیاری بۆ دەنێرێت، بورنابوریاش دەڵێت:

**"دیاری ئاشتیم بۆ ناردویت، کە دوو مەن بەردی لاجیوەردە/لازەورد. و هەروەها دەربارەی (جوانی) میاتی کچتم بیستووە، دیارییەکی ئاشتیت بۆ دەنێرم کە ملوانکەیەکە لە بەردی لاجیوەرد لە شێوەی قالۆنچە دروستکراون، کە ١٠٤٨ قالۆنچەن** ". (Rainey 2015, EA 10, 43).

بورنابوریاش لەڕێگەی ئەم دیارییانەوە، ئەیەوێت ڕێگە خۆش بکات بۆ داواکردنی کچەکەی فیرعەون. لەوانە نییە لەم هەوڵەیدا سەرکەوتووبووبێت. وەک لەو نامەیەدا دەردەکەوێت کە فیرعەونەکان وەرگێری خۆیان هەبووە و لەگەڵ نامەبەرەکەیاندا ناردوویانە بۆ کۆشکی کاشییەکان، بۆ ئەوەی خوازبێنی کچی پاشای کاشییەکان بکات، لێرەدا ئەوەی گرنگە باس بکرێت، ئەوەیە ئایا وەرگێرەکە زمانی میصری کۆن و زمانی کاشی، یان زمانی بابلی زانیوە، لەوانە گرنگتر ئەوەیە کە بوونی وەرگێرێکی میصری لە کۆشکی فیرعەوندا کە زمانی وڵاتێکی دووری وەک وڵاتی کاشییەکانی زانیوە، گرنگی خۆی هەبووە، و لەڕووی دیپلۆماتی و هەروەها پێدانی ئارامییەک بە شازادە خاتوون لەوانەیە هاوکاری بووبێت تا فێری زمانی میصری کۆن دەبێت.

لە لیستی ئەو دیارییانەی کە ئەخناتون بۆ مارەیی کچەکەی بورنابوریاشی ناردووە، کە بە سەدان پارچە خشڵی جۆراوجۆر، و کەلوپەلی بەنرخی ناوماڵی و قاپ و قاچاخی زێڕ و زیو و برۆنز و جلوبەرگ و پێڵاوی بەنرخ و جوانکاری جۆراوجۆر دەگرێتەوە. کە پێویست بوو دەیان ئەسپ و گالیسکە لە ڕێگەدا بیانگوازێتەوە، ئەم کەلوپەلانە ئەگەر بەڕاستی نێردرابن، ئەوا کاروانێکی زۆر گەورەبووە، وردەکاری زیاتر دەربارەی ژیان و باروودۆخی ئەم شازادە کاشییە و چارەنووسی لە کۆشکی ئەخناتون نازاندرێت.

**ج.هاوسەرگیری شازادەی ئاشوری (موباڵلیط-شێروعا) لەگەڵ پاشای کاشییەکان**

دوای ئەوەی ئاشورییەکان توانییان بەسەر میتاننییەکاندا سەربکەون، سنوری شانشینی ئاشوری فراوانبکەن، نەیاندەویست بەرەیەکی تری شەڕ لەگەڵ کاشییەکاندا فراوان بکەن، ئاشور-ئوبالیطی یەکەم لەهەمان کاتدا سیاسەتێکی نەرمتری لەگەڵ کاشییەکان پەیڕەوکرد، ئەوەبوو کە کچەکەی خۆی بە ناوی موبەڵلیط-شێروعا/شێروئا دا بە بورنابوریاشی دووەم (بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی هەوڵە دیپلۆماتییەکانی ئەم پاشا ئاشورییە بڕوانە: اسماعیل، ٢٠١٠، ٤٥؛ ساكز، ١٩٧٩، ص٩٩).

ئاشور-ئوباڵلیطی یەکەم لەگەڵ ئەوەی کە تازە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئاشوری ناوەڕاستی بەهێزکردبوو، بەڵام ورد و سیاسی کاری بۆ فراوانکردنی دەکرد، و نامەی بۆ فیرعەونی میصر نارد، لەگەڵ ئەوەی زۆر دڵنیانەبوو کە نامەکەی قبوڵ دەکرێت، یان نا، نامەبەرەکەی دەکوژرێت، دەگیرێت یان دەگەڕێتەوە، و پەیوەندییەکەی قبوڵ دەکرێت یان نا، بەڵام تەتەرە نوێنەرەکەی بە دیارییەوە بۆ نارد، و سەرکەوتووبوو(ساكز، ١٩٩٩، ٦٩-٧٠). تەنانەت کاتێک کاشییەکان هەواڵیانزانی کە ئاشورییەکان تەتەریان ناردووە بۆ میصر بە دیارییەوە، کاشییەکان بە خێرایی بە تەتەرێکەکانیاندا نامەیان بۆ فیرعەون نارد کە لە کۆشکی فیرعەون پێشوازی لە پەیامبەری ئاشورییەکان نەکرێت، و بە فیرعەونیان راگەیاندبوو کە ئاشورییەکان ژێردەستەی پاشای کاشییەکانن، وا دیارە فیرعەون گوێی بەوانە نەداوە و پەیوەندییەکی سەنگین لە فیرعەون و پاشای ئاشوریدا دروستدەبێت، ئاشورییەکان هیچ کچێکیان نەدایە فیرعەونەکان، نازانین لەبەرئەوە بووە کە ئاشور-ئوباڵلیط کچی تری نەمابوو، بۆ ئەوەی بیدات بە فیرعەونەکان، یان تەنها ویستوویەتی ئەو پەیوەندییە بەو شێوەیە بە سنورداری بهێڵێتەوە.(.Rainey 2015,131ff .

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کچەکەی ئاشور-ئوباڵلیطی ئاشوری لە کۆشکی پاشای کاشییەکان لە دور-کوریگالزو پاش چەندین ساڵ ژیان لە کۆشکی شاهانەی کاشیییەکان، و گەورەکردنی شازادەیەکی جێنشینی کاشییەکان، و هەژمارکردنی وەک شاژنی یەکەمی وڵات لەلایەن بورنابوریاشی مێردییەوە، بەڵام لە دەرەوەی کۆشک وەک بێگانەیەک سەیری خۆیی و کوڕەکەی(شازادەی جێنشین)یان کردووە. ئەمەش نیگەرانی لەلای شاژن دروستکردووە، و بووەتە مەترسی سەر کۆشک و تەختی شاهانە بۆ شازادەی جێنشین کە ئەوە دەخاتەڕوو لەدوای مردنی مێردەکەی، شاژن ئاشور-شێروعا نەیتوانی وەک پێویست بە ئارامی بژی، هەتا ئەوکاتەی کوریگالزوی کوڕی بووە پاشا، و دەسەڵاتی ڕێکخستەوە. لەبەرئەوە لەوانەیە ئەم هاوسەرگیری و لێکنزیکبوونەوەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاشتی لەنێوان کاشییەکان و ئاشورییەکاندا بووبێت، ئەوەبوو پاشای کاشی بورنابوریاشی دووەم (سەدەی چواردەهەم پ.ز.) کچی پاشای ئاشوری ئاشور-ئۆباڵلیتی یەکەمی هێنا، کە مەبەستەکە هاوسەرگیری سیاسی و دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاشتیانە بووە، بەڵام دوای ئەوەی بورنابوریاش تیرۆرکرا، کارا-خارداشی کوڕی هاتە سەر تەختی کاشی، تەنها بۆ یەک ساڵ و لە ساڵی ١٣٣٣پ.ز.دا توانی جێگەی باوکی بگرێتەوە، چونکە لە دەرەوەی کۆشک کاشییەکان بە پاشایەتی ئەو رازی نەبوون، بە بیانووی ئەوەی کە شازادەی جێنشین (کارا-خارداش)ی کوڕی بورنابوریاشی دووەم لە دایکێکی بێگانەی ئاشوری لە دایک بووە. لەم کاتەدا نازی-بوگاش، وەک سەرکردەیەک لە دەرەوەی بنەماڵەی شاهانەی کاشی دەرکەوت، لە ساڵی ١٣٣٣پ.ز. دەسەڵاتی لە شازادە کارا-خارداش زەوتکرد، بەڵام بە یارمەتی پاشای ئاشوری ئاشور-ئوباڵلیط کە هێزی هێنایە شاری دور-کوریگالزوی پایتەختی دەوڵەتی کاشی، و لەوێ کوڕەکەی تری بورنابوریاش و ئاشور-شێروعای کچی کرد بە پاشای کاشییەکان لەسەر تەخت دانا، کە ناوی (کوریگالزو)ی دووەم بوو کچەزای خۆی بوو، بۆ ئەوەی ئەو نەهێڵێت ئەو هاوسەرگیرییەی نێوان شازادەکان کە ئامانجە سیاسییەکەی ئەوەبوو نەوەیەکی ئاشوری لە دایکییەوە بخرێتە سەر تەختی کاردونیاش سەرنەگرێت، ئەمانەش دواجار بوونە هۆی دەستخستنە ناو کاروباری سیاسی ناوخۆی وڵاتی کاردونیاش/بابل لەلایەن ئاشورییەکانەوە. کوریگالزوی دووەم توانی لە ساڵانی(١٣٣٢-١٣٠٨پ.ز.) بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ فەرمانڕەوایی وڵاتی کاردونیاشی دەوڵەتی کاشی بکات، تەنانەت لە دوای مردنی ئاشور-ئوباڵلیطی باپیری، کەوتە شەڕەوە دژی خاڵی، کە ئەوکات پاشای ئاشوری بوو، ناوی ئێنلیل-نیراری(1327-1317پ.ز.) لە ئاشوری، لە شەڕی سوگاگی دا. (دەربارەی پەیوەندی و ناکۆکییەکانی کاشی و ئاشورییەکان بڕوانە: ساكز، ١٩٧٩، ٩٦؛ ساكز، ١٩٩٩، ٧٣؛ .(Bryce,(2012), 183)..

بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست توێژەرن، وا دەردەکەوێت کە وردەکاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی شاهانەی ئاشوری و کاشی زۆر بەردەست نەبن، لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا ئاشورییەکانیش شازادەی کاشییان خواستووە؟ ئەمەش ئەگەرێکی گونجاوە، ئەم مۆرەش پشتگیری ئەوە دەکات. دەکرێت ئەگەری ئەوەش بخرێتەڕوو کە لە دوای رووخانی دەوڵەتی کاشی لە ساڵی ١١٥٧پ.ز. دا هەندێک لە شازادە کاشییەکانی نەوەی شازادەخاتوونی ئاشوری ئاشور-شێروعا ڕوویانکردبێتە وڵاتی بۆ لای خاڵۆزاکانیان .

**ب. هاوسەرگیری ناپیراسوی شازادەی کاشی لەگەڵ پاشای عیلامییەکان**

هاوسەرگیرییەکی چڕ لە نێوان بنەماڵەی شاهانەی کاشی و عیلامییەکاندا و کاشییەکان و ئاشورییەکاندا هەبووە، پاشای کاشی کوریگالزوی یەکەم (Kurigalzu I)و پاخیر-ئیششـان(Paẖir-iššan)ی خێزانی کە گومان دەکرێت خوشـکی خۆشـی بووبێت، کوڕ و کچێکیان هەبووە، کوڕەکەیان ناوی بورنابوریاشـی یەکەمە، کچێکیشـیان هەبووە کە ناوەکەی نازانرێت. پاشـای کاشـاییەکان کوریگالزوی یەکەم، هەوڵیدا لەگەڵ هەردوو دراوسـێ دوژمنەکەی پەیوەندی بەهێزبکات، بۆ ئەم مەبەسـتە هاوسـەرگیری سیاسـی بۆ کوڕ و کچەکەی دیاریکرد، بورنابوریاشـی کوڕی کردە زاوای پاشـای ئاشـور-ئوبالّیط، و کچەکەی ئاشـور-ئوبالّیط(Aššur-uballiṭ)ی یەکەمی خواسـت کە ناوی موباڵیطات-شـێروعا (Muballiṭat-Šerū'a)بوو، لەلایەکی ترەوە، لە هاوسەرگیری نێوان بورنابوریاش ( Burnaburiaš)و ئاشور-ئوبالّیط کوڕ و کچێک بوون، کە ئەوانیش کورگالزوی دووەم و ناپیر-ئاسـو(Napir-asu) بوون، ئەوەبوو ناپیر-ئاسـو درا بە کوڕێکی خومبان-ئیممێنی (Ḫumban-immeni)، کە کوڕێکیان بوو بوو ناویان نابوو خونداش-ناپریشـا (ئونتاشـگال .((Ḫundaša-naprišа (Untašgal)) هەروەها ناپیر-ئاسـو و خونداشـا-ناپریشـا کوڕ و کچێکیان بوو کە هاوسـەرگیرییان لەگەڵ یەکترکرد، و کچەکەیان ناوەکەی بە ڕوونی لە دەقەکاندا دیار نییە، بەڵام بەشـێـک لەنـاوەکەی مـاوە کە کۆتـاییەکەی (...-...دونیـاش (X-x-dDuniaš)و کوڕەکەیـان نـاوی کیـدینو-خوندورودیش (Kidīnu-ẖudurudiš)بوو. (بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە .(van Dijk,1986, 165-166).

پاخیر-ئیششـان پاشای ئیلامییەکان کچەگەورەکەی پاشـای کاشـی کوریگالزوی دووەمی لە سـاڵی ١٢٩٠پ.ز. خواستووە، و ئونتاش-ناپیریشـای پاشـای ئیلامی کچی پاشـای کاشـی بورنابوریاش بوو لە سـاڵی ١٢٥٠پ.ز.درایە، هەروەها کیدین-خوترانی پاشای ئیلامی کچی میری کاشی ....دونیاش لە ساڵی ١٢٣٠پ.ز. خواست، و لە ساڵی ١١٧٠پ.ز.دا پاشای ئیلامی شوتروک-ناخونتێی یەکەم کچە گەورەکەی مێلیشیخوی پاشای کاشییەکانی خواست. (بۆ وردەکاری زیاتر دەڕواندرێتە: ,Potts, (2006) pp. 115-118.

یەکێک لەو هاوسـەرگیرییە سـەرکەوتووانەی کە کاشـییەکان لەگەڵ عیلامییەکان ئەنجامیاندا، هاوسـەرگیری نێوان شـازادەخاتوونی کاشـی ناپیراسـو/ناپیر-ئاسـوی کاشـی بوو لەگەڵ پاشـای عیلامی ئونتاش-ناپیریشـا لە دەوروبەری(١٣٤٥-١٣٠٥پ.ز.). ئەم هاوسەرگیرییە لە کاتێکدا بوو کە مەترسی و شەڕی ئاشورییەکان تەنگی بە کاشییەکان هەڵچنیبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئاشـورییەکان بوونە میراتگری بەشـێکی گەورە لە خاکی ژێر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆری میتانی، میتاننییەکان ئەو دۆستە بێ کێشەیەی کاشییەکان بوون کە لە باکور و باکووری خۆرئاوەوە هاوسنوری کاشییەکان بوون، لەلایەن ئاشورییەکان و حاتییەکانەوە دەسـەڵاتیان لەناوچوو ، و دوای روخانی دەسـەڵاتی میتاننییەکان، ئاشـورییەکان بوونە هاوسـنوری کاشـییەکان و جێگەی میتـاننییەکـانیـان گرتەوە(بۆ زانیـاری زیـاتر دەربـارەی ڕووخـانی میتـانی و فراوانبوونی دەسـەڵاتی ئـاشـورییەکـان دەڕواندرێتە: : الاحمد و احمد، ١٩٨٨، ١٥٢-١٥٤؛ اسماعیل، ٢٠١٠، ٣٨).

لەلایەکی تریشـەوە عیلامییەکان بوونە مەترسـی گەورە بۆ سـەر کاشـییەکان، لەبەر ئەوە پاشـای کاشییەکان بورنابوریاشـی دووەم هەوڵیدا ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کاشییەکان و عیلامییەکاندا هەبووە پتەوبکاتەوە. ئەوەبوو شـازادە ناپیراسو کچی پاشـای کاشـی بورنابوریاشـی دووەم، شوی بە پاشـای عیلامی ئونتاش-ناپیریشـا کرد، لە نامەیەکدا ئاماژە بە هاوسەرگیری نێوان پاشـای عیلامی ئونتاش-ناپیریشا و شازەدەی کاشی ناپیر-ئاسوی کچی پاشای بابلی بورنا-بوریاشی دووەم دەکات، هەرچەندە هەتا ئێستا روون نەبووەتەوە کە ئایا ئەو (ناپیر)ە هەمـان ناپیراسـو یە یان نا؟ ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین وردەکاری دەربارەی ژیان و بارودۆخی شازادە ناپیر-ئاسو لە کۆشکی عیلامیدا بەردەست نییە، تەنها بەڵگەیەک ئەو پەیکەرە گەورە بڕۆنزییەیە کە لە شاری سوسە دۆزرایەوە، کە پەیکەرێکە بە بەرزی 129سم و کێشی 1800کگم دەبێت، لە ساڵی ١٩٠٣ لە لایەن تیمێکی فەڕەنسییەوە لە شـاری سـوسـەی عیلام دۆزرایەوە، ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەرە لە پاریس، سـەری پەیکەرەکە تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە و لە ملییەوە تا قاچەکانی ماوە، گوماندەکرێت ئەم پەیکەرە، پەیکەری شـازادە ناپیر-ئاسـو بووبێت، لە پەیکەرەکەدا دەردەکەوێت کە شاژن کراسێکی ئاودامان(عەزییەکی درێژ)ی لەبەردایە، و دەستەکانی لەسەر سکی داناوە، جلەکانی نەخشێندراوە، و دەستەکانی خسـتووەتە سـەر سـکی، و ئاڵقەیەک لە پەنجەیدایە(دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە ٢). پەیکەرەکە وەک پەیکەری ناپیر-ئاسـو ناسێندراوە، هەرچەندە دەم و چاوەکەی نە دۆزراوەتەوە. (بڕوانەی وێنەی ژمارە٢).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



وێنەی ژمارە٤ : پەیکەری شـاژن ناپیر-ئاسـو، وەرگیراوە، لە وێبسـایتی مۆزەخانەی لۆڤەر، https://collections.louvre.fr/en/ark:/53355/cl010176829

پاشای عیلامی شوتروک-ناخونتێ Šutruk-Naḫunte (1155-1185پ.ز.) کچی پاشای کاشی مێلیشیپاک Melišipak (1172-1186پ.ز.) ی پاشای کاشی خواست، و لەدوای مردنی پاشای کاشی مێلیشیپاک، شوتروک-ناخونتێ خۆی بە خاوەنی تەختی شـاهانەی کاشـییەکانیش لە وڵاتی کاردونیاش(بابل) دەزانی. و ئەوەبوو لە سـاڵی 1158پ.ز. دا وڵاتی کاردونیاشـی داگیرکرد، و دەوڵەتی کاشـی ڕوخاند و تاڵانیکرد. تەنانەت کوڕەکەی شـوتروک-ناخونتێ کە ناوی کودوڕ-ناخونتێ (Kudur-Nahhunte)بوو (١١١٥٥-١١٥٠پ.ز.) لە دوای باوکی بووە پاشـای عیلامی و ئەمیش وڵاتی کاردونیاش(بابل)ی تاڵانکرد، وەک دەبینین، لەگەڵ ئەوەی شوتروک-ناخونتە شازادەیەکی کاشی خواستبوو، بەڵام ئەمە ڕێگری لەوە نەکرد وڵاتی کاردونیاش تاڵانبکات، و کودوڕ-ناخونتەی کوڕیشـی کە دایکی شـازادەیەکی کاشـی بوو، بەڵام ئەمەش ڕێگر نەبوو لەوەی کە بچێت وڵاتی کاردونیاش(خاکی ژێر دەسـەڵاتی باپیرانی دایکی) داگیربکات و تاڵانی بکات، و کۆتا پاشـای کاشییەکان کە ناوی ئێنلیل/خاربێ-نادین-ئاخی (Enlil-nadin-ahi)بوو، لە ساڵی ١١٥٥پ.ز.دا بە دیلی برا بۆ وڵاتی عیلام و کۆتایی بە دەسـەڵاتی کاشـییەکان لە بابل هێندرا (Collins, 2008, 98;الهاشمي، ١٩٨٣، ٥٩-٦١؛ Reade, (1978), pp. 137-143).

دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوەش بدەین، جگە لە شـازادە کچەکان، چەندین کچی ئاسـایی، خزمەتکار، کچی پاکیزە، ژن و تەنانەت پیرێژنیش بەدیاری نێردراون بۆ کۆشـکی فیرعەونەکان، بۆ نمونە وەزیرێکی ئامینۆفسـی سـێیەم بەم شـێوەیە باسـی دیارییەکانی پاشـای کاشـی و ناوچەکانی تر دەکات کە چەند ژنێک وەک دیاری نێردراون: **"ژنێک لە وڵاتی بابلەوە، خزمەتکارێکی کچ لە وڵاتی بابلەوە، کچێکی پاکیزە لە ئالالاخەوە، و پیرێژنێک لە شـاری ئاراپخا (**کەرکوک**)."**.(Brinkman, (1972), p.74.). بارودۆخی ئەم ژن و کچانەش پێویستی بە توێژینەوەیەکی ترە.

**کۆتایی و دەرئەنجامەکان**

1. تەمەنی ئەو کچانەی کە لە هاوسەرگیری سیاسیدا بە شودەدران جۆراوجۆربوون، بەڵام هەندێکیان زۆر گەنج بوون، و وەک توشـراتا لە نامەکەیدا بۆ ئەخناتون ئاماژەی پێدەکات، و دەڵێت کە کێلو-خیپای کچی زۆر گەنج و جوانە. هەروەها هەندێک لە شازادە کاشییەکانیش زۆر گەنج بوون. ئەو شازادە گەنجە کاشی و میتانییانە لەوانەیە لەلایەن پورەکانیانەوە هاوکاری کرابن، چونکە ئەوان چەند دەیەیەک پێش ئەوان شـویان بە هەمان فیرعەون یان کوڕی ئەو فیرعەونە کردووە، کە ئەمان شـوویان پێکردبوو.
2. تا ئێسـتا هیچ ئاماژەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەبەردەسـتتدا نییە، بیسـەلمێنێت کە ئەو شـازادە خاتوونانەی دراون بە پاشـاکانی وڵاتانی دراوسـێ لە کۆشـکەکانی میصـر، و عیلام و کاردونیاش و میتاننی بە ویسـتی خۆیان یان بە زۆر شـویانکردبێت، تەنها نامەکەی شـازادە کچە کاشـییەکەی کچی بورنابوریاش ئەوە دەخاتەڕوو کە بە نابەدڵی و لەبەر پاشـای کاشـییەکان (گەورەم) ئەو خەم و بارەگرانەی هەڵگرتووە و رازی بووە شوبکات بە فیرعەون و لەوڵاتی خۆی دوور بکەوێتەوە.

3. لەم توێژینەوەیەدا بۆ یەکەمجار لێکدانەوە کراوە بۆ ئەو دیمەنانەی سەر دیواری کۆشکەکەی نوزی میتاننییەکان، کە وەک پایتەختێکی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی میتانی وابووە وێنە و هێماکانی خواوەندە ژن (خواوەند حەتحور)ی میصرییەکۆنەکان کێشراوە، کە لەوانەیە ئەو وێنەیە پەیوەستبووبێت بە بوونی شازادەخاتوونێکی میصری کە لەو کۆشکەی میتاننییەکاندا ژیاوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەوانەیە میصرییەکانیش شازادەیەکیان دابێت بە پاشا یان شازادەیەکی میتانی و لەو کۆشکە ژیابێت، و وەک شاژنەکانی وڵاتی خۆی داوایکردبێت کە هونەرمەندە میتانی/میصرییەکان لەسەر دیواری کۆشکەکەی وێنەی خواوەند حەتحوری بۆ بکێشن، ئەو ئەگەرە خراوەتەڕوو کە ئەم وێنەیە لەسەر ویستی شازادە کچێکی میصری دروستکراوە. ئەمەش ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات کە فیرعەونەکان کچیان داوە بە پاشا میتاننییەکان، بەپێچەوانەی ئەوەی فیرعەون کە بە پاشای کاشییەکان دەڵێت، تا ئێستا هیچ شازادەیەکی میصری نەدراوە بە پاشایانی بێگانە.

4. هەروەها وردەکاری لەبەردەستتدا نییە کە ئەو شازادە کچانە لە دوای شوکردنیان توانیبێتیان سەردانیماڵی باوانیان لە وڵاتی خۆیان بکەنەوە، ئەمە ئەگەرێکی ئەستەم نییە، بەڵام لەوانەیە بەلایەنی کەمەوە لەلایەن کەس و کاریانەوە سەردانکرابن، هەرچەندە هیچ ئاماژەیەکی راستەوخۆش نییە کە پاشاکان سەردانی خوشک و کچەکانیان کردبێت لە کۆشکی بێگانە، و تەنها نامەبەرەکانیان ناردوون. ئەمەش بێگومان بۆ ئەو کچانە سەخت بووە کە دوور لە کەس و کار و وڵاتی بێگانە تەواوی ژیانیان بەسەربەرن، و ئەمەش بە ڕوونی لە نامەکەی کچی پاشای کاشی بورنابوریاشدا دەردەکەوێت کە بە باوکی دەڵێت من ئەم ئازار و خەمە لەبەر تۆ قبوڵ دەکەم.

5. بێگومان ئەو شازادە خاتوونانەی کە کاشییەکان و میتاننییەکان ناردویانن بۆ کۆشکی فیرعەون بە تەنیا نەبوون، بەڵکو نووسەر و وەرگێڕ و خزمەتکار و راوێژکاریان لەگەڵ بووە و لەوێ ژیاون، و لە نامەکانی ئەخناتون و توشراتادا دەردەکەوێت کە نووسەری مێخی و شارەزای زمانی ئەکەدی و خورری و میصری کۆنیش لە کۆشکی فیرعەونەکاندابوون.

6. هەندێک لە شازادەمیتاننییەکان ڕێزی زیاتریان لێگیراوە لەلایەن فیرعەونەکانەوە بە بەراورد بە شازادە کاشییەکان. ئەمەش پەیوەستبووە بە دوو لایەنەوە، لایەنێکیان ئەوەبوو کە پەیوەندی هاوسەرگیری نێوان شازادەمیتاننییەکان و فیرعەونەکان زووتر دەستتپێکرد، و تەنانەت ئەخناتون لە دایکێکی میتانی لەدایکبوو، لایەنەکەی تر ئەوەبوو، کە پاشایانی میتانی و فیرعەونەکان پەیوەندییەکی ستراتیجی جیۆسیاسی لەسەر خاکی وڵاتی شام کردبوونییە دراوسێی راستەوخۆی یەکتر، هەرچی کاشییەکان بوو، زیاتر پەیوەندییەکە سیاسی-ئابوری بوو .

7. ئەخناتون رازی نەبوو کچەکەی بدات بە کاداشمان-خاربێی پاشای کاشییەکان، بە بیانووی ئەوەی کە فیرعەونەکان هیچ کات کچیان نەداوە بە پاشایانی بێگانە.

8. کاداشمان-خاربێ گلەیی زۆری لە ئەخناتون کرد کە ڕێگەی نەداوە بە پەیامبەرەکانی تا خوشکەکەی لە کۆشکی میصری ببینن، و تا بزانێت بارودۆخی چۆنە، و ئەخناتونیش گلەیی ئەوەی دەکرد، کە نوێنەر و تەتەری کاشییەکان راستیان نەگوتووە، لەکۆشکی فیرعەوندا شازادە کاشییەکەیان نەیانناسیوەتەوە، بەڵام دواتر لەسەردەمی بورنابوریاشدا ئەو شازادە کاشییە هەواڵی مردنی بە کۆشکی کاشییەکان دەگات کە بەهۆی پەتایەکەوە مردووە، و ڕوون نەکراوەتەوە چۆن و چ پە تایەک بووە.

9. بورنابوریاشی دووەم کچەکەی خۆی بە ئەخناتون دا، بەو مەرجەی نابێت منداڵی لێی ببێت، ئەمەش گومان دەخاتە سەر ئەوەی ئایا بورنابوریاش کچەکەی خۆی داوە بە فیرعەون یان ئەوەتا کچێکی تری ناردووە بۆ ئەخناتون، چونکە لە نامەکانی پێشوودا کاتێک کە پاشا کاداشمان-خاربێی کاشی داوای کچ لە ئەخناتون ئەکات، دەڵێت ئەگەر کچەکەتم نادەیتێ، هەر کچێکی تر بێت بۆم بنێرە، و وەک شازادە بیرزێنەرەوە، ئەمەش ئەو گومانە دروست دەکات، کە لەوانەیە کاشییەکانیش لە هەندێک لەو هاوسەرگیرییانەدا کچێکی ئاساییان ناردبێت بۆ هاوسەرگیری فیرعەونەکان وەک شازادەیەک ناساندبێتیان .

10. لەڕووی ئاینییەوە، ئەم هاوسەرگیرییانە بوونەتە ڕێگە خۆشکەر بۆ نزیکبوونەوەی ئاینی و ئاڵوگۆڕی بتی خواوەندەکان، تەنانەت ناوەڕۆکی نامەکانی توشراتا بۆ ئەخناتون و باوکی ئەخناتونیش ئەوە دەخەنەڕوو کە هاوسەرگیرییە سیاسییەکان، وەک هاوسەرگیری و پەیوەندی نێوان خواوەندانیش لێی ڕواندراوە، بەتایبەت سوێندخواردن و نزاکردنەکان، کە ناوی خواوەند ئامونی میصری و شاوشکای میتانی هاتووە. ئەمە جگە لەوەی کە توشراتا بە فیرعەون دەڵێت ئێمە هەردوکمان خۆرپەرستین، و ئەو پرسەش دێتە ئاراوە کە ئایا شازادەخاتوونەکانی میتاننییەکان کە دانەیەکیان خێزانی ئەخناتون بووە، کە ئەویش کێلو-خیپا بووە، چ ڕۆڵێکی لە شۆڕشە ئاینییەکەیدا هەبووە، ئایا نیفێرتیتی شازادەیەکی میتانی بووە و کاریگەری لەسەر باوەڕی ئەخناتون هەبووە و هانی داوە بۆ یەکتاپەرستی خۆر، ئەمەش تا ئێستا لەلایەن پسپۆڕانەوە یەکلانەکراوەتەوە، ناوهێنانی خواوەند شاوشکا وەک خواوەندە خاتوونێکی خورری/میتاننییەکان و خواوەند ئامون وەک خواوەندی سەرەکی میصر و خواوەندێکی پیاو وێناکردنی هاوسەرگیرییەکی پیرۆزی ئاینییە، بە ناڕاستەوخۆ. ئەمە جگە لەوەی شێوازی ژیانی ئەخناتون و بەشداریپێکردنی ژنەکەی و منداڵەکانی لە ڕێوڕەسمە ئاینی و سیاسییەکان لە تەنیشت خۆیەوە، لەوانەیە لە ژێر کاریگەری خورری و میتاننییەکاندا بووبێت،

چونکە خوررییەکان چەندین سەدە لەمەوبەر لە دیمەنی مۆرەکانی ئورکێشدا بە ڕوونی هاوبەشی و گرنگی شاژنەکانی خۆیان لە ژیانی سیاسی وئاینی و ئاهەنگەکاندا دەرخستووە.

11. پاشـــای کاشـــییەکان کاتێک کچەکەی دەدات بە فیرعەوان، لە نامەکەدا دەڵێت نابێت منداڵت لێی ببێت، ئەمەش لەلایەکی ترەوە زەوتکردنی مافی دایکایەتییە لەو کچە کاشـــییەی کە نێردراوە بۆ کۆشـــکی فیرعەونەکان بۆ ئەوەی ببێتە ژنی فیرعەون، بەڵام منداڵی لێی نەبێت.ش

12. پاشـا کاشـییەکان بە ئاشـکرا داوای "شـیربایی"یان لە فیرعەونەکان کردووە لە پای پێدانی کچێک یان خوشـکێک یان کچێکی کاشییەکان بە فیرعەون.

13. یەکێک لەو دیاردانەی کە لەم هاوسـەرگیرییانەدا ڕوویانداوە، بەتایبەت لە میصر، ئەوەبوو کە ناوی شـازادە بوکەکانیان دەگۆڕی بە ناوێکی تازە، نازانرێت ئەو ناوە نوێیە وەرگێڕانی هەمان ناوە ڕاسـتەقینەکەیە یان ناوێکی دیکەیە نازناوێکە، یان ئایا ئەو ناوە دەگمەنە یان خەڵکی دیکەش هەیە بەو ناوەوە.

14. مارەیی شـازادەکان زۆر بوون، ئەمە جگە لەوەی کە دیارییەکی زۆریان لەلایەن باوانیانەوە پێ دەدرا، بۆ نمونە لیسـتی دیاری هاوســەرگیری پاشـــایانی کاشـــی و میتاننی بۆ کچەکانیان لیســتێکی دوور و درێژبوو و بە ســـەدان کەلوپەلی ناوماڵ و پێداویستی و جلوبەرگ و خشڵی جیاوازی لە خۆ دەگرت.

15. وردەکاری زۆر لەبەردەســتتدا نییە کە ئەو هاوســەرگیرییانە بە دڵی ئەو شـــازادە کچانەبووە یان بە بێ ویســتی خۆیان بووە، تەنها ئەو نامەیەی کە کچەکەی بورنابوریاشـی دووەم کە دەڵێت "بەردەوام بم بۆ فیدای گەورەکەم" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم شازادە کاشییە، یان ئەگەر کچێکی ئاسایی کاشییەکانیش بووبێت و وەک شازادەیەک بەڕێکرابێت بۆ کۆشکی فیرعەون، ژیانی خۆی فیدای پاشـــای کاشــییەکان کردووە، کە جارێکی تر نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نیشــتیمانی خۆی و لە کۆشـــکی وڵاتی بێگانەدا بژیت.

**لیستی سەرچاوەکان:**


الاحمد، سامي سعيد، و احمد، جمال رشيد، ١٩٨٨، تاريخ الشرق القديم، بغداد.

اسماعيل، فاروق، ٢٠١٠، مراسلات العمارنة الدولية وثائق مسمارية من القرن ١٤ق.م.، دمشق.

دانيال، كلين، ١٩٩٠، موسوعة علم الاثار، ج.١، ترجمة: ليون يوسف، بغداد.

ساكز، هاري، ١٩٧٩، عظمة بابل، ترجمة: عامر سليمان، الموصل.

ساكز، هاري، ١٩٩٩، قوة اشور، ترجمة: عامر سليمان، بغداد.

مارف، دڵشاد عزيز، (٢٠٢٠)، "الكاشييون في كركوك و گرميان (من القرن ١٨ الى القرن ١ق.م.)، مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية، مجلد ١٥/العدد٢، ٢٣٨-٢٥٠.

لالويت، كلير، ٢٠٠٣، الفن و الحياة في مصر القديمة، ترجمة: فاطمة عبدالله محمود، القاهرة.

الهاشمي، رضا جواد، ١٩٨٣، تاريخ الشرق القديم، ايران و الاناضول، جامعة بغداد.

Baqir, Taha, (1944), “IRAQ GOVERNMENT EXCAVATIONS AT 'AQAR QŪF: FIRST INTERIM REPORT 1942-1943,” Iraq, SUPPLEMENT, pp. 3-16.

Baqir, Taha, (1946) “Iraq Government Excavations at 'Aqar qūf Third Interim Report, 1944-5,”Iraq, Vol. 8, pp. 73-93.

Brinkman, J. A., (1972), “Foreign Relations of Babylonia from 1600 to 625 B. C.: The Documentary Evidence,” American Journal of Archaeology, Vol. 76, No. 3 (Jul., 1972), pp. 271-281.

Bryce, Trevor, (2012) The World of the Neo-Hittite Kingdoms A Political and Military History, (Oxford University Press),p.183.

Clayden, Tim, (2017) “Dūr-Kurigalzu: New Perspectives,” Karduniaš. Babylonia Under the Kassites The Proceedings of the Symposium Held in Munich 30 June to 2 July 2011, Berlin, pp.437-478.

Collins, Paul, 2008 From Egypt to Babylon the international age 1550-500 BC, The Trustees of the British Museum.

LOVE, SHARON R., (2017) "EGLBS STUDENT PAPER PRIZE Parlance, Politics, and Personality: Responses to Insults in the International Amarna Letters," CONVERSATIONS WITH THE BIBLICAL WORLD Vol. XXXVII, pp.18-37.

Mandell, Alice, (2015) "GLOSSARY," In: Handbook of Oriental Studies Handbuch der Orientalistik section 1, W.H. van Soldt (eds., et al.), Leiden) volume 110, Leiden, pp.1269-1313.

Murray, Margret A., 1963 The Splender that was Egypt, London.

Rainey Z"L, Anson F., 2015, The El-Amarna Correspondence A New Edition of the Cuneiform Letters from the Site of El-Amarna based on Collations of all Extant Tablets, volume 1, William M. Schniedewind, Leiden.

Starr, R.F.S. 1937. Nuzi Report on the Excavations at Yorgan Tepa near Kirkuk, Iraq Conducted by Harvard University in Conjunction with American Schools of Oriental Research and the University Museum of Philadelphia 1927-1931, Vol. I-II, Harvard University Press

Wilhelm, G., (2015), "EA 24," In: Handbook of Oriental Studies Handbuch der Orientalistik section 1, W.H. van Soldt (eds., et al.), Leiden) volume 110, Leiden, pp.188-241.

Postgate, J.N., 1981"Nomads and Sedentaries in the Middle Assyrian Sources," Mesopotamian Nomads in the Third Millennium BC," Nomads and Sedentary Peoples, XXX International Congress of Human Sciences in Asia and North Africa, Mexico.

Potts, D. T., (2006), "Elamites and Kassites in the Persian Gulf," Journal of Near Eastern Studies, Vol. 65, No. 2 (April 2006), pp. 111-119.

Reade, J. E., (1978), "Kassites and Assyrians in Iran," Iran, Vol. 16 (1978), pp. 137-143

van Dijk, Jan, (1986) "Die dynastischen Heiraten zwischen Kassiten und Elamern: eine verhängnisvolle Politik." Orientalia 55: 159–170.

وێبسایتی مۆزەخانەی لۆڤەر، لە ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ سەردانکراوە-:

https://collections.louvre.fr/en/ark:/53355/cl010176829



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034